گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/9gpvan20
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٣/١٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٧/٣١
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/١٢/٢٩

# لەیەکەمیخستنی زمانی دایک: مەترسیی زمانی دوەم "ئینگلیزی" لەسەر زمانی یەکەم "کوردی" قوتابخانە تایبەت و ناحکومییەکان بە نمونە (توێژینەوەیەکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە)

**سەلام ڕەحیم ڕەشید**

salam.raheem@garmian.edu.krd

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:
(لەیەکەمیخستنی زمانی دایک- مەترسیی زمانی دوەم "ئینگلیزی" لەسەر زمانی یەکەم "کوردی") قوتابخانە تایبەت و ناحکومییەکان بە نمونە، ناونیشانی توێژینەوەکەمانە و لەوێوە بڕیار لەم ناونیشانە دراوە، کە لە ئێستای دۆخی زمانی کوردیدا چەندین مەترسیی دەبنە دەرەنجامی هەژمونی زمانی دوەم کە لەم توێژینەوەیە زۆرتر مەبەستمان لە زمانی ئینگلیزییە بە سەر زمانی دایک (کوردی)یەوە.
ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا چەندین قوتابخانەی تایبەت کراونەتەوە، لە باخچەی ساوایانەوە تا قوتابخانەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی تێیاندا نەک هەرگرنگیی زۆر بە زمانی ئینگلیزی و چەند زمانێکیتر دەدرێت، بەڵکو زمانی ئینگلیزی بوەتە زمانی یەکەم و جێگەی زمانی دایکیی قوتابییانی گرتوەتەوە، کە بۆ ئەمەش بەرپرسان و خوازیارانی ئەو جۆرە خوێندنانەیش چەندین هۆکار و بیانو دەهێننەوە، کە هیچیان ئەوە داناپۆشن کە، چەندە ئەو دۆخە بە مەترسیی جددی دێتە هەژمار لە ئاست زماندا، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ئەم مەترسییە لە ناونیشانی توێژینەوەکەمان زەقکراوەتەوە.
ئەم توێژینەوەیە لە دو بەش پێکهاتوە، لە بەشی یەکەمدا لە ژێر ناوی (شکستی فێربونی زانستییانەی زمانی دوەم لە قوتابخانە حکومییەکاندا) ئاماژە بۆ چەند میتۆدێکی فێربونی زمانی دوەم دەکەین لە پرۆسەی خوێندندا و باسی ئەوە دەکەین، نەک هەر لە قوتابخانە حکومییەکان ئەو میتۆدانەی فێربونی زمانی دوەم شکستیان هێناوە، بەڵکو لە پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا بەتەواوی درک بە گرنگی و هەبونی هەمو ئەو میتۆدانە نەکراوە. لە بەشی دوەمی ئەم توێژینەوەیەدا ناونیشانی (لەیەکەمیخستنی زمانی دایک) دەبنیرێت، تێیدا بەشێوەیەکی تیۆری باسی ئەم مەترسییانە دەکەین کە مەترسیی زمانی دوەم "ئینگلیزی" لەسەر زمانی یەکەم "کوردی" دروستی دەکات، ئەویش لەو پرۆسەیەی کە ئەمڕۆ لە قوتابخانەی ناحکومییەکان و هەندێ لە قوتابخانە حکومییەکانی ئەوانەی ناویانلێنراوە نمونەیی، بەڕێوەدەچێت و ناومان لێناوە: لەیەکەمیخستنی زمانی دایک.
کلیلە وشەکان: زمانی دایك، زمانی دوەم (بیانی)، میتۆد، زمانەوانی کۆمەڵایەتی.

# Loss of the Native Language Role of the Mother Tongue; The Threat of the Second Language (English) to Overtake the First Language (Kurdish) (A Sociolinguistic study)

Salam Raheem Rashid

Kurdish Language, College of Education, University of Garmian, Kalar, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Loss of the Native Language Role of the Mother Tongue: The Threat of the Second Language (English) to Overtake the First Language (Kurdish) is the title of my thesis. The rationale behind this title is to account for the influence English has on Kurdish in the Kurdistan Region of Iraq (KRI). Today in most of the private schools of KRI, the language of instruction is English. Including nursery, kindergarten, primary and secondary stages, this has not only made English the formal instruction language, but also the main language of communication among the students studying at these schools. The explanation the school administrators provide to justify this shift is not convincing.

The resent work consists of two chapters. The first chapter, titled Failure of Learning English Effectively in the public Schools, is dedicated to the methods of Second Language learning through school curriculums. We argue that these methods of have not been given the required importance in the public schools .

The second chapter, Loss of the Native Language Role of the Mother Tongue, is a theoretical account of the threats English is losing on Kurdish in KRI through the curricula the private and exemplary schools are using.

**Keywords:** Mother Tongue, Second Language, Sociolinguistic, Method.

## پێشەکی:

بەو پێیەی بونی مرۆڤ لە زماندا دەکرێت بە (ڕەمز _ هێما) و هەمو ئەوەی دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە گوزارشتی لێدەکرێت. لەمێژە ئەوە بۆ زانستی زمان سەلماوە کە زمان تەنها دیاردەیەکی بایۆلۆژی و هۆشەکی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کەلتوری و سیاسییشە، زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ پێوەندیگرتن لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵکو کۆگای کەلتورییە و کەرەستەیەکە بۆ چێکردنی ناسنامە و دەربڕین و بەرجەستەکردنی گوتاری (مێژوی و سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد)، ئەوەیشی لەم نێوەندەدا بۆ زمانناسان و ئەکادیمیانی زمان زیاتر وەک ڕاستییەک دەبێ چاوی لێبکرێت و بە گرنگییەوە بەهەند وەربگیرێت، بونی زمانناسیی کۆمەڵایەتییە وەک بەشێک لە زمانناسیی کارەکی.

زمانناسیی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics)لە پێوەندی و پرسی بەکارهێنان و کارکردنی زمان لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە و دەیانکاتە کەرەستەی تێفیکرین و هزری... لەم ئاستەدا کاری زمانناسی لە کۆزمانەوانیدا دەبێتە ئەوەی کە کۆمەڵ و پێکهاتەکانی چ شوێن و کاریگەرییەکیان لەسەر زمان هەیە، یان بە پێچەوانەوە زمان چ شوێن و کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵ و پێکهاتەکانی هەیە. لەم توێژینەوەیەدا کە لە زیادبونی هەژمونی زمانی دوەم بەسەر زمانی دایکدا دەکۆڵینەوە و دەمانەوێت ئاماژە بۆ ئەو مەترسیانە بکەین کە لەم نێوەدا توشی زمانی دایک دەبێت، ئەم پرسە بۆ خۆی باس و توێژینەوەی کۆزمانەوانییە، چونکە ئەوە ڕونە کە کۆزمانەوانی یان زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە ڕایەڵی نێوان زمان و چینەکانی کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، پرسی زمان و ئاستی هۆشیاریی مرۆڤ دەکاتە کەرەستەی هزریی خۆی، زمانە خۆڕسکەکان یان زمانە موتوربەکان دەبنە جێی سەرنجی، (گۆڕین، مردن، لەناوچونی زمان بۆ گرنگە، پلاندانان بۆ زمان، مافی زمانی،

سەرکوتکردنی زمانەکان، زمانی زگماک و زمانی ڕەسمی و زمانی دووەم... هتد) لە تەوەرە بنچینەییەکانی بەرنامەی ئەون، یەکزمانی یان چەندزمانی بابەتی بیرکردنەوەیەتی، ئەمانە و چەندین دیاردەیتر کە دەچنە ناو پێوەندیی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و زمان، و دەبنە کەرەستەی توێژینەوەی زمانناسیی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics).

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

(لەیەکەمیخستنی زمانی دایک- مەترسیی زمانی دووەم "ئینگلیزی" لە سەر زمانی یەکەم "کوردی") ناونیشانی توێژینەوەکەیە. کار لەسەر بوارێکی گرنگ و زیندوی زمان دەکات کە، زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

بەگشتی ئەو مەترسییانە زمانی دووەم "ئینگلیزی" لە سەر زمانی یەکەم "کوردی-دایک" لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبن، کە هەر ئەوانەیش هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەیە:

١- ڕوانین و بیرکردنەوە و سۆز و هەستیاری و هەڵچونی مرۆڤی کورد گۆڕانی بە سەرداد‌ێت و ئەو گۆڕانە لەخزمەت کوردبوندا نابێت.

٢- گەر منداڵ بە زمانی دایک گۆشنەکرێت، هزر و توانای هۆشەکیی بۆ کوردبون و کوردییانە نابن.

٣– هەژمونی زمانی دووەم ڕایەڵی ڕۆحیی منداڵ بە دایک و باوک و دایەگەورە و بابەگەورە بێهێز دەبێت، چونکە زمانی دایک ئەڵقەی بەهێزی بەیەکەوەبەستنی نێوان نەوەکانە.

٤- هەژمونی زمانی دووەم لێدانی گەورەیە لە کەلتور و کەلتوری (ئیتنیکی/عرقی) نەتەوەیەک، چونکە کەلتور بە هۆی زمانی دایکەوە دەپارێزرێت.

## سنوری توێژینەوەکە:

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست- شێوەزاری سلێمانی)، بە ئامانج گیراوە و پێڕەوکراوە و تاڕادەیەك سودمان لە خوێندکارانی قوتابخانە حکومی و ناحکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

گەر زمان بکەوێتە دۆخێکی دژوارەوە، بەتایبەت مەترسی بۆ سەر زمانی دایک، گەورەترین مەترسییە بۆ سەر نەتەوە. یەکێک لە مەترسییەکانی سەر زمانی دایک، کارکردنی ناسیستماتیک و ناعەقڵانییە لەگەڵ زمانی دووەمدا، بەشێوەیەک جێگەی زمانی یەکەم بگرێتەوە و لە هەمو بوارەکاندا پاشەکشە بە زمانی یەکەم (زمانی دایک) بکات، لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیەمان تایبەت کردوە بە کاریگەری و مەترسییەکانی زمانی دووەم لە سەر زمانی کوردی، بە تایبەت کە ئەمڕۆ زمانی ئینگلیزی خەریکە هەژمونی خۆی بەسەر زمانی دایکدا دەدات، ئەوەیش زۆر مەترسیدارە، چونکە لەو ڕوانگەوە کە (مارتن هایدگەر) دەڵێ، زمان پەناگەی بونە، کاتێ کورد بهێڵێت زمانی وێران بکرێت، بەدڵنیایی ڕێگە دەدات بونیشی کلۆر بکرێت و بکەوێتە بەر هەڕەشەی جیاجیا، بۆیە توێژینەوەکە ئامانجی ئەوەیە کاربکات بۆ درککردن بەو مەترسییانە لەپێناو هەوڵدان و هەنگاونان بۆ کەمکردنەوەیان.

## گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە هەر لە بەهەندوەرگرتنی ئەو مەترسییانەدا دەردەکەوێت کە پێشتر باسمان کردن لەو شێوازە خوێندنەی ئێستا بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان پێڕەوییدەکەن، لەمەوە ئاستی مەترسییەکەیانی بەرجەستە و گەورە کردوە، هەژمونی زمانی دووەم "ئینگلیزی" لە سەر زمانی یەکەم "کوردی-دایک" پێویستە وەک مەترسییەکی جددی وەربگیررێت و هەر ئەوەیشە خاڵی گرنگیی توێژینەوەکەی ئێمە کە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا بە (لەیەکەمیخستنی زمانی دایک) گوزارشتمان لێکردوە.

## گرفت و کێشەی توێژینەوەکە:

ئەوەی وەک کێشە لەم توێژینەوەیەدا خۆی دەسەپێنێت، نەبونی داتا و ڕاپرسیی دروستە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بەوەی ئایا تا چ ئاستێک پرۆگرامەکانی خوێندن بونەتە هۆی فێربونی زمانەکانی دووەم لە قوتابخانە حکومییەکاندا، یان هۆکار و هۆکارگەلی شکستی نەپێکانی ئامانجەکانیان دەستنیشاننەکردوە، ئەگەر ڕێژەکە نزمە هۆکار چییە و چۆن بەرز بکرێتەوە؟ ئەی لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا کە زمانی دایک زمانی یەکەم نییە و بە زمانانی تر وانە دەخوێنرێت، تا چ ئاستێک، چ بە هەوڵی خۆی یان بە هەوڵی مامۆستا و پرۆگرامی خوێندن، خوێندکار فێری خوێندنەوە و نوسین بە زمانی دایک دەبێت؟ نەبونی داتا و ڕاپرسیی دروستیش، ئەو کەلێنە دەخاتە توێژینەوەکەی ئێمە، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ئەنجامەکانمان نزیکببینەوە، هەر ئەم کەلێنەی توێژینەوەکەمان وایکردوە لە پێکهاتەی توێژینەوەکەدا باسکردنی تیۆریی ئەو مەترسییانە کەوتوەتە بەشی دووەمەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

هەڵکەوتە و سروشتی ئەو بابەتەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین، هەروەها ئەو ڕێبازەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین، بە لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی زمانەوانیی کارەکی توێژینەوەکە سەرڕێدەخەین، ئەوەمان لێدەخوازێت، پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاری بۆ توێژینەوەکە ببەستین و بە هزرێکی ڕەخنەیی و دیدگای ڕەخنەئامێزانە لە پرس و ئاریشەکە بڕوانین.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەدو بەش پێکهاتوە، لەبەشی یەکەمدا لەژێر ناوی (شکستی فێربونی زانستیانەی زمانی دوەم لە قوتابخانە حکومییەکاندا) لەم بەشەی توێژینەوەکەدا ئاماژە بۆ چەند میتۆدێکی فێربونی زمانی دوەم دەکەین لە پرۆسەی خوێندندا و باسی ئەوە دەکەین، نەک هەر لە قوتابخانە حکومییەکان ئەو میتۆدانەی فێربونی زمانی دوەم شکستیان هێناوە، بەڵکو لە پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا بەتەواوی درک بە گرنگی و هەبونی هەمو ئەو میتۆدانە نەکراوە، لە بەشی دوەمی ئەم توێژینەوەیەدا ناونیشانی (لەیەکەمیخستنی زمانی دایک) دەبنیرێت، تێیدا بەشێوەیەکی تیۆری باسی ئەم مەترسییانە دەکەین کە مەترسیی زمانی دوەم "ئینگلیزی" لە سەر زمانی یەکەم "کوردی" دروستی دەکات، ئەویش لەو پرۆسەیەی کە ئەمڕۆ لە قوتابخانەی ناحکومییەکان و هەندێ لە قوتابخانە حکومییەکانی ئەوانەی ناویانلێنراوە نمونەیی، بەڕێوەدەچێت و ناومانلێناوە: لەیەکەمیخستنی زمانی دایک.

بەشی یەکەم

شکستی فێربونی زانستیانەی زمانی دوەم لە قوتابخانە حکومییەکاندا

**سەرەتا**

خوێندن بە زمانی کوردی، مێژوی چەند دەیەیەکە و بگرە زیاتر لەنیو سەدەیە لە هەرێمی کوردستان دەستیپێکردوە و بەڕێوەدەچێت، لەو ماوەیەدا جگە لە زمانی یەکەم کە زمانی دایک (کوردی)، زمانانی ئینگلیزی و لە قۆناغی چوارەمی بنەڕەتیشەوە زمانی عەرەبی دەخوێنرێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو ماوەیەدا و ئەو پرۆگرامەی کە بە هۆیەوە زمانانی بیانیی لە قۆناغی بنەڕەتیدا پێگوتراوەتەوە، نەیتوانیوە بەباشی ئەنجامی فێربونی زمانی دوەم لەو قۆناغەدا بپێکێت و قوتابیی کورد بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاست فێری نوسین و خوێندنەوە بەو زمانانە ببێت و بەدروستی لێیان تێبگات، تەنانەت نەک هەر لەو قۆناغەدا بگرە لە قۆناغەکانی دواتردا و تا دەگاتە تەواوکردنی خوێندن و دەرچون لە زانکۆ و پەیمانگاکان، گەر خوێندکار هەوڵی تاکەکەسی و خولیای زۆری بۆ فێربون و سودوەرگرتن لە هۆکارەکانی فێربون لە دەرەوەی خوێندن وەک تێکەڵبون بە شار و ناوچە و خەڵکانی ئەو زمانانە، یان تێکەڵی و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و...هتد، یان لە ڕێگەی سودوەرگرتن لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، فێری زمانی دوەم بون. بەدڵنیایی ناڵێین ئەمە بەرەهایی وایە، بەگشتی بەو شێوەیەیە، دەنا دەزانین کە لە قۆناغی بنەڕەتییشدا هەڵدەکەوێت خوێندکار هەبێت بەباشی فێری زمانی دوەم بوبێت، توانای خوێندنەوە و نوسینی بەو زمانە هەبوبێت و بۆ تێگەییشتن گرفتی نەبوبێت، بەڵام تاکوتەرا و ئەو ڕێژە کەمە، ناکاتە هاوسەنگکردنەوەی تەرازوەکە و هەرگیز بەوەندە ناتوانین بڵێین پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی لە مێژوی ئەو چەند دەیەیە و بگرە زیاتر لەنیو سەدەی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا، لە فێرکردنی قوتابی بۆ زمانی دوەم بە تایبەت لە زمانی ئینگلیزیدا شکستی نەهێناوە، ئەگەرچی ئەمە ڕاپرسییشی بۆ نەکراوە و توێژینەوەی لەسەر نەکراوە لەسەر ئەو بنەمایانە ئەو دەرەنجامە کە دەڵێن شکستە، ڕانەگەیەنراوە و بەرپرسانی ئەو پرۆسەیە بەڕونی و ناڕونی دانییپێدانانێن، دەرەنجامە نێگەتیڤییەکانی نە بە پیتی تۆخ و نە بەکاڵ ئاشکرا ناکەن و خۆیانی لێنادەن، بەڵام هەر خودی ئەوەی کە خۆمان لەناو پرۆسەکەدا ژیاوین و هەر خودی ئەوەی کە لەم ساڵانەی دواییدا پەرە و بایەخ بە خوێندنی ئەهلی و کردنەوەی قوتابخانەی نێودەوڵەتی و کردنەوەی بەلێشاوی پەیمانگای جۆراوجۆر بۆ خوێندنی زمانە بیانییەکان دراوە و وێڕای خەرجکردنی داهاتێکی زۆر لەو ڕێگەیە بۆ گەییشتن بە ئامانجێک، کە فێربونی زمانی بیانییە، بەڵام فێرخوازی زۆر ڕوی تێدەکەن و ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی خوێندنگەی ئەهلی و قوتابخانەی نێودەوڵەتی کە تێیاندا زمانانی بیانی نەک هەر زمانی یەکەمن، بەڵکو لە هەندێکیاندا هیچ بایەخێک بە زمانی دایک (کوردی) نادرێت. خودی زاڵبونی ئەم دۆخە و ساتبەسات زیاتر پەرەسەندنی و لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر خوێندکار، بۆ خۆی نیشانەیە بۆ دەرەنجامی شکستی فێربونی زمانی دوەم لە خوێندنگە حکومییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە مێژوی خۆیدا و خەستبونەوەی شکستەکە لەم ساڵانەی دواییدا.

گرنگیی فێربونی زمانی دوەم تەنها هەر لەو سودە مادی و سیاسی و دیبلۆماسی و زانستیانە بۆ دوارۆژی قوتابی بەرجەستە نابێت، کە ئەمڕۆ زیاتر ڕاگەیاندن و ڕیکلامەکان بۆ خوێندنگە ئەهلی و نێودەوڵەتییەکان جەختی لێدەکەنەوە، بەڵکو ئەگەر لە بارێکی هۆشەکییەوە لە زمان و زمانزانین بڕوانین، ئەو قوتابی و فێرخوازانەی زۆرتر لە یەک زمان دەزانن، ئاسانتر

دەتوانن زۆرتر لە یەک چالاکی بەڕێوەببەن، توێژینەوەی زانستی سەلماندویەتی، مێشکی مرۆڤ لە کاتی سودوەرگرتن لە دو زمان، هەندێ بەشی زیاتر چالاک دەبێت، هەواڵە تەندروستییەکان زوزو جەخت لەوە دەکەنەوە، وەک لە ماڵپەڕی لێکۆڵینەوەی ئینگلیزیی (CAMBRUDGE) هاتوە، لەباری تەندروستییەوە، مرۆڤگەلێک، کە دو زمان یان زێدەتر دەزانن، بۆی هەیە نزیکەی پێنج ساڵ درەنگتر توشی نەخۆشیی ئالزهایمەر (Alzheimer) یان فەرامۆشی/دمێنشا (Dementia)بن، ئەگەر بڕیارە ببن.(learning- language-, 2022) لە ڕوی مەعنەوی و دەرونییەوە، شتێکی ڕون و ئاشکرایە هەموکەسێک ویست و خواستی ئەوەیە بە زمانێک ئاخاوتن بکات، کە زۆر بەباشی و لە هەمو زمانێکی دی زێدەتر دەتوانێت قسەی پێبکات، هاوکات ناخوازێ بە کەم لێیبڕوانرێت، بۆیە بۆ زاڵبون بەسەر ئەم پێشهاتە نەویستراوەدا، خەڵکان حەزدەکەن پتر لە زمانێک بزانن، پێیشیان وایە ئەمە لە کۆمەڵدا پێشوازیلێکراوە و بە چاوێکی ڕێزەوە سەیریان دەکرێت، بۆیە لە ئاوەها دۆخێکدا و لەم چەشنە کۆمەڵانەدا، زانین و فێربونی دو زمان یان زیاتر کاریگەرپی ئەرێنیی بەتایبەت لەسەر قوتابییان لە قۆناغی بنەڕەتی دادەنێت، کە ئەوەیش هەستی شادی و شانازییان پێ دەبەخشێت. غەریزەی خۆدەرخستن و شانازیکردن، هەندێجار دەبێتە هۆی ئەوەی چەند وشەیەکی بێگانە بهێنێت و لەجێگەی وشەی زمانەکەی خۆی بەکاریان بهێنێ بۆ ئەوەی وا پیشانبدات کە بە کۆمەڵ بڵێت ڕۆشنبیرە. (محەمەد، ٢٠٠٧: ٣١)

گرنگیی زمانی دوەم لەوکاتەوە دەستپێدەکات و تا ئەوکاتەیە، کە هەر بە زمانی دوەمی بمێنێتەوە و نەبێت بە زمانی یەکەم و جێگەی زمانی دایک نەگرێتەوە، چونکە لەمێژە زمانەوانان درکیان بەوە کردوە، کە زمانی یەکەم دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ فێربونی زمانی دوەم. ئەوە ئاشکرایە زمانی یەکەمی قوتابی وەک زمانی یاریدەدەر لە پۆلدا دەکەوێتەگەڕ. زمانی یەکەم بۆ شیکارکردنی بابەتی نوێ گرنگە و بەراوردکاری لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی ئامانجی خوێندکاردا دەبێتە هۆکارێک تا ئاستی تێگەیشتن زیاتربێت (Richards & Rodgers, 1999: 3-4). لەبەرئەوەی بەباشیزانین و تێگەییشتن و قسەکردن و بەکارهێنانی زمانی یەکەم (دایک) مەرجی سەرەکی و زانستیی فێربونی زمانی دوەمە و دروستبەکارهێنانیەتی، بەڵام وەک لە مێژوی پرۆسەی خوێندنی زیاتر لە نیو سەدەی خوێندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان، فێربونی زمانی دوەم لە قۆناغی بنەڕەتی بەتەواوی لە قۆناغەکانی دواتر لە ئاستی پێویستدا نییە، هۆکارەکەشی ڕەنگە لە چەندین خاڵدا بەرجەستە بین، بەڵام ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی زانستی پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە بەرپرسانی سیستمی خوێندنی زمانی دوەم لە پرۆسەی پەروەردەدا، درکیان بە قۆناغەکانی فێرکردنی زمان و ڕێبازەکانی نەکردوە، لەسەر ئەو زەمینەیەیش نەیانتوانیوە میتۆدەکانی فێربونی زمان وەربگرن و کاریان پێ بکەن و لەسەریان بڕۆن، بەپێی سەرکەوتنی ئەزمونی هەر میتۆدێک لە واقیعی پرۆسەی خوێندن، میتۆدەکان تاقیبکەنەوە.

جاک ڕیچاردز و ڕودجیرز " Jack Richards" زمانناسی کارەکی و تایبەتمەند لە بواری فێرکردنی زمانی دوەم، قۆناغەکانی فێرکردنی زمان و ڕێبازەکان بۆ سێ قۆناغ دابەشدەکات، بەپێی بۆچونی ئەو، هەر یەک لەو ڕێبازانە چەندین میتۆدیان هەیە. ڕیچاردز سەردەمی ڕێبازەکان ئاوا پۆلێن دەکات:

١- ڕێبازی نەریتی: لە سەرەتای فێرکردنی زمانی دوەم تاکوکۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردو درێژەی کێشا.

٢- ڕێبازی کلاسیکی (پەیوەندیگرتن/ comunication): لە ساڵانی حەفتا تا ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوی خایاند.

٣- ڕێبازی نوێی (پەیوەندیگرتن): لە دوای ڕێبازی کلاسیکیی پەیوەندیگرتن بەردەوامە تا ئێستا. (Richards & Rodgers, 1999: 3)

بەڵام هەر دو زمانەوان هۆوات و سمس "Howatt & Smith"، کە دو زمانەوانن لە بواری فێرکردنی زمانی دوەمدا جێدەستیان دیارە، ئەوان بەمجۆرە قۆناغەکانی فێرکردنی زمانی دوەم دابەشدەکەن:

- سەردەمی کلاسیک (١٧٥٠-١٨٨٠): زمانە کلاسیکییەکان دەگرێتەوە بە هەردو میتۆدی کلاسیک و میتۆدی ڕێزمان-وەرگێڕان.

- سەردەمی ڕیفۆرم (١٨٨٠-١٩٢٠): فێرکردنی زمانی ئاخاوتن لەو سەردەمەدا مەبەستی بو، میتۆدەکان هەمەچەشن بون و ڕیفۆرمیان تێدا دەکرا، بۆنمونە میتۆدەکانی سروشتی، میتۆدی بێرلیتز و فێرکردنی ڕاستەوخۆ.

- سەردەمی زانستی (١٩٢٠-١٩٧٠): بنەما زانسییەکانی فێربونی مەبەست بو، هەروەها کۆمەڵێک میتۆدی جیاجیا بەکاردەهاتن، وەکو: میتۆدی بیستن-گوتن.
- سەردەمی (comunication): پەیوەندییە ڕۆژانەییەکانی ژیانی ڕۆژانە مەبەستی بو. میتۆدی پەیوەندیگرتن بۆ فێرکردنی زمان یەکێکە لە میتۆدە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە (Howatt & Smith, 2014: 78).
هیچ یەک لەوانەی بەرپرسن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و ئەرکیان دانانی پرۆگرامی ئەو وانانەیە کە بۆ فێربونی زمان دوەم دانراون، درکیان بە بونی ئەو قۆناغانەی فێرکردنی زمانی دوەم نەکردوە، بەڵگەی ئەم قسەیەیش ئەوەیە لەو مێژوەی خوێندنی زمانی دوەم، بەتایبەت خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەسەر یەک شێوازی پرۆگرام ڕۆیشتون، گەر گۆڕانکارییشیان کردبێت تەنها گۆڕانکاری بوە لە بەشدا، یان بە شێوازی زیادکردن و کەمکردن بوە بە هەمان پرۆگرام. ئەوان بێئاگا بون لە ڕێبازەکانی فێربونی زمان دوەم، ئەویش بێئاگابون لەم میتۆدانەی ڕێبازەکانی لێکەوتوەتەوە، کەوا لێرە بەکورتی باسیان دەکەین:

**١- میتۆدی ڕێزمان-وەرگێڕان 'The Grammar-Translation Method'**

دەستپێکی سەرهەڵدانی فێرکردنی زمانی دوەمە بە میتۆد و شێوازێکی ئەکادیمی، زۆرتریش لە سەدەی نۆزدەم و لە ئەوروپادا بۆ فێرکردنی زمانەکانی لاتینی و یۆنانی کۆن بوە، (Richards & Rodgers, 1999: 3). ئەو سەردەمە زمانی ئینگلیزی وەک ئێستا پێشکەوتو نەبوە. ئەم میتۆدە ئامانجی شارەزایی بوە لە تێکستی ئایینی و شارستانێتییە کۆنەکان و ئەدەبی نوسراوی کۆن بەو دو زمانە (Matamoros-González, et al., 2017: 968)، نەک ئەوەی ئامانجی قسەکردن بێت بەو زمانانە، کە ئەوەیش بە کەموکوڕیی میتۆدەکە دادەنرێت.
سەردەمی میتۆدی ڕێزمان-وەرگێڕان زۆرجار بە سەردەمی کلاسیکیش دێتە هەژمار (Howatt & Smith, 2014: 79). ئەم میتۆدە بۆ فێرکردنی زمان تەقلیدییە. بەم میتۆدە دەبێت خوێندکار فێری خوێندنەوە و نوسین بە زمانی دوەم ببێت و شارەزای ڕێزمانی زمانەکە ببێت، ئەمەیش شێوازێکی کلاسیکی بو. مامۆستا لە ڕێگای بەخشینی زانیاری دەربارەی ڕێزمانی زمانیی ئامانج هەوڵی فێرکردنی خوێندکاری دەدا، هەر بۆیە ئەمە بەو میتۆدانە پۆلێن دەکرێت کە مامۆستا ڕۆڵی ناوەندی هەیە (Jin-fang & Qing-xue, 2007: 69). پشتی بە تێکستە کۆنەکان دەبەست، کە خوێندکار دەبوایە فێری وشە نوێکان لێیانەوە ببێت. تێکستەکان لە زمانی دوەمەوە بۆ زمانی دایکی وەرگێڕران (Richards & Rodgers, 1999, p. 3). هەر ئەمەیش بوە هۆکارێک بۆ ئەوەی چەندین ڕەخنە لە میتۆدی ڕێزمان-وەرگێڕان بگیررێت، لەوانە لەم میتۆدەدا بایەخی زیاتر بە خوێندنەوە و نوسین دەدرێت تا ئاخاوتن (Matamoros-González, et al., 2017: 47) هەر بۆیە سەرەکیترین کەموکورتیی ئەم میتۆدە؛ شکستی میتۆدەکە بو لە فێرکردنی ئاخاوتندا (Howatt & Smith, 2014: 79).
سەرەڕای هەمو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر فێرکردنی زماندا هاتوە، تاکو سەردەمی ئەمڕۆمان، هەندێک لە بنەماکانی ئەم میتۆدە بەکاردێن (Jin-fang & Qing-xue, 2007: 70). بۆ نمونە؛ هەندێک لە مامۆستایانی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی ئەرک بەسەر خوێندکارەکانیاندا دەدەن کە بریتییە لە ڕاهێنانی وشە و ڕێزمان، یان خوێندکارەکانیان وا لێدەکەن تا بە هۆی دوبارەکردنەوە و نوسینەوە ڕێسا ڕێزمانییەکانیان بیر بێتەوە. سەربارى ڕەخنەکان، دەکرێت لە ئێستایشدا سودی بەرچاو لەم میتۆدە وەربگیردرێت بۆ فێرکردنی ئەو زمانانەی ئێستا نەماون.

**٢- میتۆدی ڕاستەوخۆ 'The Direct Method'**

میتۆدی ڕاستەوخۆ کاری لەسەر کەموکوڕییەکانی میتۆدی ڕێزمان-وەرگێڕان دەکرد و هەوڵی چارەسەرکردنیانی دەدا، بۆنمونە میتۆدی ڕێزمان-وەرگێڕان خوێندکاری فێری وەرگێڕان و بنەما ڕێزمانییەکانی زمانی دوەم دەکرد، بەڵام پەیڕەوکەرانی میتۆدی ڕاستەوخۆ پێیان وا بو دەبێت بایەخ بە فێربونی زمان بۆ پەیوەندیکردن و ئاخاوتن بدرێت (Donaldson, 1922: 360). ئەم میتۆدە خوێندن و فێرکردنی زمانی لە ڕێگای زمانی دەقە ئەدەبییەکانەوە گۆڕی بۆ خوێندن و فێرکردنی زمان بە ڕێگای خستنەگەڕی زمانی ئامانج لە ناو پۆلدا (Jin-fang & Qing-xue, 2007: 70). هەر ئەوەیش تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم میتۆدەیە. گرنگترین تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی ئەم ڕیفۆرمخوازییە لەگەڵ میتۆدی ڕێزمان-وەرگێڕان ئەوەیە، نوێخوازەکان پێیان وا بو گوێگرتن و ئاخاوتن بە زمانی دوەم هەنگاوی یەکەمی فێربونی ئەو زمانەیە.

لەم میتۆدە زمان لە کاتی ئاخاوتندا لەگەڵ بیرۆکەکانی مێشک هەماهەنگ دەبێت، تەنیا وەرگێڕان و چەسپاندنی دەستور و یاسا ڕێزمانییەکان بەس نین. گۆکردنی بابەتێکی گرنگە و دەبێت بە هاوکاریی فۆنەتیک ئەم بابەتە بە شێوەیەکی باش بگەیەنرێت (Bayley, 1998: 43).
لێکۆڵەرەوان پێیان وایە پێشکەوتنی زمانی ئینگلیزی، سەرەتایەکی بەهێز بو بۆ گۆڕانکاری لە شێوازی فێرکردنی زماندا (Naeini & Shahrokhi, 2016: 60-63). زۆرینەی گۆڕانکارییەکانیش لە سەردەمی دەرکەوتنی میتۆدی ڕاستەوخۆ بون. لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە سەرەتای دەرکەوتنی خوێندنی مۆدێرن بو بەرامبەر شێوازە کۆنەکە، ئەم میتۆدە کۆمەڵێک قۆناغی جیاوازی تێپەڕاند. ئەمەیش بە سەردەمی میتۆدەکان ‘The Methods era’ ناودەبرێت (Richards & Rodgers, 1999).
**٣-** میتۆدی بیستن-گوتن ‘Audio-lingual Method’
ئەم میتۆدە ئەوە دەگەیەنێت یەکەمجار خوێندکار زمان دەبیستێت، پاشان دوبارە و چەندبارەی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە مێشکدا بچەسپێت، دواتر هەمان شت دەخوێنێتەوە و دواجار دەینوسێت. ئامانجی سەرەکیی میتۆدەکە بایەخدانە بە توانستی قسەکردن و فێرکردنی وشە و ڕێساکانی ڕێزمان بەهۆی گفتوگۆوە (Mart, 2013:42). لەمەوە میتۆدەکە بە میتۆدێکی ڕەفتاری دادەنرێت (Matamoros-González, et al., 2017: 67) ڕەفتارخوازی لای ئەوانەی زمان فێری خوێندکار دەکەن لە سەدەی بیستەمدا زۆر بو. میتۆدی بیستن-گوتن جەخت لە کار و کاردانەوە لای مرۆڤ دەکات، بۆ زانینی کاردانەوەکەی بابەت بە خوێندکار دەدرێت، کاردانەوە دروستەکان پاداشت دەکرێن، یان کاردانەوەی ئەرێنی لەسەر هۆشی خوێندکار دروست دەکەن (Abu-Melhim, 2009: 40).
چۆمسکی ڕەخنەی زۆر بنەڕەتیی لە زمانەوانەکانی سەر بەم میتۆدە گرت (Palmer, 2006: 253)، لەمەوە هەوڵدرا میتۆدێک بدۆزرێتەوە هیچ کام لە لایەنە سەرەکییەکانی فێربونی زمان فەرامۆش نەکات و بناغەکانی پتەوتربن. بە بڕوای محەمەد عەلی ئەلخولی، لایەنە سەرەکییەکانی فێربونی زمان ئەمانەن، کە هەندێکیان لە میتۆدی بیستن-گوتندا بەلاوەنراون؛ باشترین مامۆستا هەمیشە ئەو کەسانە نین کە زمانی ئامانج زمانی دایکییانە، چونکە ئەگەر مامۆستا زمانی دایکیی خوێندکارەکان نەزانێت، لەوانەیە نەتوانێت پێشبینیی کێشە و هەڵە و بابەتە زەحمەتەکانی خوێندکارەکانی بکات، بۆیە ئەلخولی پێیوابو باشترین مامۆستای فێرکردنی زمان، کەسێکی ڕاهێنراوە کە زمانی ئامانج زمانی دایکیی بێت (Alkhuli, 2006: 23).
ئەمانەی باس کران، میتۆدە تەقلیدییەکان بون، ڕاستە میتۆدە تەقلیدییەکان کەموکوڕیی زۆریان تێدایە، بەڵام ئاشنابون بە کەموکوڕیی میتۆدە تەقلیدییەکان هاوکار دەبێت لە دوبارەنەکردنەوەی هەمان ئەو هەڵانەی لە پێشتردا کراون، بۆیە گرنگ بو بەرپرسانی خوێندنی زمانی دوەم لە پرۆسەی پەروەردەی خوێندنی هەرێمی کوردستان ئاشنا و شارەزا بونایە بەم میتۆدانە، دواتر بەرەو ئەو میتۆدانە بڕۆیشتنایە کە میتۆدی دوای ئەمانن و ڕیفۆرمیان تێداکراوە، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:
**١.** میتۆدی ژینگەی لەبار ‘Suggestoedia Method’
بەپێی ئەم میتۆدە، هەمو ئەو کۆسپانەی بەردەم فێربونی زمان لە مێشکی خوێندکاردا، پێش دەستکردن بە پرۆسەی فێرکردن ناهێڵرێن، دەبێت قوتابی بهێنرێتە سەر ئەو بیرکردنەوەیەی کە فێربونی زمانی دوەم سەخت نییە و ئاسانە، ئەوەش بە هێورکردنەوە و گونجاندنی دەوروبەر لەگەڵ قوتابیدا دەبێت (محي-الدين ٢٠١٦: ٣٥٥)، مۆسیقای ئارام، ڕوناکیی گونجاو، دیکۆری ڕازاوە شوێنی دانیشتنی دڵپەسەند لە پۆلی خوێندکاردا لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی دوەم ڕۆڵی بەرچاویان هەیە (Richards & Rodgers, 1999: 142-143). ئەم میتۆدە بە یەکێک لە میتۆدە مرۆڤایەتییەکان ‘Humanistic methods’ دادەنرێت (محي الدين: ٢٠١٦: ٣٥٠). یەکێک لە بابەتە زۆر سەرەکییەکانی ئەم میتۆدە کاریگەریی مۆسیقایە لەسەر پرۆسەی فێربون. جۆری مۆسیقاکە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکان، کە دەبێت مامۆستا بزانێت چ جۆرە مۆسیقایەک لە چ شوێنێکدا بەکاردەهێنێت (Rodgers, 1999 & Richards).
**٢.** میتۆدی کاردانەوەی فیزیکی ‘Total hysical Resonse’

میتۆدەکە دەرئەنجامی چەندین لیکۆڵینەوە و گوتاری پرۆفیسۆر و دەروونناسی ئەمریکی جەیمس ئاشەرە ‘James Asher’، کە لە کۆمەڵێک گۆڤاردا بڵاو کراونەتەوە (Richards & Rodgers, 1999: 78) ,Sutherland, 1978) p. 204). ئەم میتۆدە زمان و چالاکیی فیزیکی ئاوێتە دەکات، جەخت لەسەر گوێگرتن و کاردانەوەی ڕاستەوخۆ لە بیستن دەکاتەوە (Sutherland, 1978: 205). لە هەمانکاتدا، میتۆدەکە وابەستەیە بە تیۆری گەڕان 'trace theory' لە بواری دەروونناسیدا، کە کار لەسەر یادگەی ‘memory’ مرۆڤ دەکات (Richards & Rodgers, 1999: 78). تیۆری گەڕان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، یادگەی مرۆڤ زانیاریی دوبارەبو و گرنگ هەڵدەگرێت. گرنگترین زانیاری لای کەسێک باشتر دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ یاد وەک لە زانیارییەک کە بۆ هەمان کەس گرنگ نییە (Mongillo, Rumpel, & Loewenstein, 2017: 7). هاتنەوە و چنگکەوتنەوەی زانیاری لە ئاوەزدا، دەشێت بە هۆی قسەکردن یان هەماهەنگیی وشە لەگەڵ چالاکی بێت، ئاوێتەکردنی ئاخاوتن و چالاکی، هاوکاری بیرهاتنەوە دەبێت.

بە بۆچونی ئاشەر، پرۆسەی فێربونی زمانی دوەم لای گەنجان لە فێربونی زمان لای منداڵ دەچێت، وەک چۆن منداڵ سەرەتا لەڕێگای چالاکییەکانەوە فێردەکرێت و تەنانەت وەڵامە فیزیکییەکان پێش وەڵامەکانی گۆکردن دەکەون، هەر ئاوها فێربونی زمانی دوەم دەکرێت وەک ئەمە بێت (Asher, 1968: 7). ئەم میتۆدە پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ دەروونناسیدا هەیە و وای دەبینێت کە سۆز و هەڵچون ڕۆڵییان هەیە و لە پرۆسەی فێرکردنی زماندا بەبایەخن. ئەم میتۆدە پێی وایە، کە ئەو جوڵانەی جۆرێک لە یارییان تێدایە، ئاڵۆزیی دەرونی کەم دەکەنەوە و کەشێکی خۆش بۆ خوێندکار دروست دەکەن. ئەنجام، پرۆسەی فێرکردنی زمان خێراتر دەبێت (Richards & Rodgers, 1999: 87). گرنگترین هۆکاری ئەمەیش بۆ توانای منداڵ و گەنج دەگەڕێتەوە کە زۆرە و دەخوازن بەردەوام چالاکیی فیزیکی ئەنجام بدەن، هەر بۆیە دنیای فیزیکی لای منداڵ و گەنج زاڵە. ئەگەر ئەم جوڵانە بە شێوەی یاری و بە هاوتەریی لەگەڵ پرۆسەی فێرکردنی زمان بکرێن، ئەوا ڕەنگە زانیارییەکە باشتر بگات و توندتر لە مێشکدا بچەسپێت (Er, 2013: 1767). هەنگاوەکانی فێربونی زمان لای منداڵ بەپێی سیستەمێکی ڕێکوپێک کاردەکات، هەر لە سەرەتای لەدایکبونەوە گەشەی زمانی منداڵ خێراییەکەی وەک یەک نییە، واتا هەندێجار خێرایە و هەندێجار سستە، (دزەیی، ٢٠١٤: ١٨٥)

ئاشەر پێی وایە تێگەیشتن لە بابەتەکان گرنگن و دەکەونە پێش ئاخاوتنەوە (Sutherland, 1978: 53). قوتابی دەبێت یەکەمجار تێگەیشتبێت ئەوجا خۆی لە قەرەی قسەکردن بدات. لێکۆڵەران ئەمە لەم چەند خاڵە کورتدەکەنەوە؛ یەکەم: تێگەیشتن دەکەوێتە پێش توانستی گەشەکردن لە فێرکردنی زماندا. دوەم: فێرکردنی ئاخاوتن دەبێت دوابخرێت تا ئەو کاتەی کە توانستی تێگەیشتن لای خوێندکار دەچەسپێت. سێیەم: ئەو توانستانەی لە ڕێگای بیستنەوە بەرهەمهاتون بۆ توانستەکانی تر دەگوازرێنەوە. چوارەم: فێرکردن دەبێت کار لەسەر مانا بکات نەک شێوە. پێنجەم: فێرکردن دەبێت ئاڵۆزیی دەرونیی خوێندکار دابەزێنێت (Richards & Rodgers, 1999: 87-88).

**٣.** میتۆدی بێدەنگ بۆ فێربونی زمان ‘The Silent Way’

بەپێی ئەم میتۆدە مامۆستا سەرنجی لای ئەوەیە چۆن خوێندکار فێردەبێت، نەک چۆن ئەو فێریبکات. ئەوەیش کاتێک دەبێت کە مامۆستا خۆی بخاتە شوێنی خوێندکار، هەروەها مامۆستا نابێت زانیاریی ئامادەکراو بخاتە بەردەستی خوێندکار، چونکە خۆی دەتوانێت ئەو زانیارییە بەدەستبهێنێت. ناوی میتۆدەکەیش هەر لەوێوە هاتوە (Brennan & Brien, 2000: 546-547).

دوبارەکردنەوە و چەندبارەکردنەوە شارێگای فێرکردن نین. زمان تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە، وەک زۆرێکمان پێمانوایە، بەڵکو زمان وەک کۆگایەکی دەربڕین، بیرکردنەوە، هەستکردن، تێڕوانین و بیروڕا وایە، ئەمەیش دەکرێ خوێندکار بە هاوکاریی مامۆستا پەرەی پێبدات (Gattegno, 1972: 45). پێویستە مامۆستا تەنیا بەپێی پێویست یارمەتیی خوێندکار بدات، دەبێت زیاتر پشت بە توانا ناوەکییەکانی خوێندکار ببەسترێت (Brien, & Brennan: 54 2000). مەبەست ئەوەیە کە دەبێت مامۆستا ئەو هەلە بداتە خوێندکارەکانی تا هەڵەکانی خۆیان ڕاست بکەنەوە، تێکەڵبونی مامۆستا لە دوای ئەوەوە پێویستە.

مامۆستا کە دەخوازێت ئەم میتۆدە لە پرۆسەی فێرکردندا بەکاربهێنێت، پێویستی بە ڕاهێنان و تێگەیشتنە لە 'ئاگایی' و 'ڕەنگەکان' کە هەریەکەیان ئاماژە بە شتێک دەکەن. ئەم ڕێگایە بۆ فێرکردنی ئەو کەسانەی کە کەڕن و هەستی بیستنیان نییە بەکارهێنرا، ئەوەش بە هۆی ئەو کەرەستە ڕەنگاوڕەنگەوە کە بەکاردەهاتن (Cross,1977 :70).

**٤.** میتۆدی فێربونی زمان بە کۆمەڵ 'Community Language Learning':

ئەم میتۆدی تیشک دەخاتە سەر خواستی خوێندکار بۆ فێربونی ئەو بابەتانەی کە لە زمانی دووەمدا ئارەزوی دەکات؛ واتە مامۆستا وەک سەرپەرشت و ڕێکخەرێکی زمان 'counselor' و خوێندکاریش وەک ئارەزومەندێکی بەشدار 'client' لە پرۆسەی فێرکردنەکەدا ڕۆڵ دەگێڕن. لەم میتۆدەدا هەستی تاک بۆئەوەی لە چوارچێوەی گروپ و چواردەوری خوێندندا خۆی بسازێنێت زۆر گرنگە (Tamura, 1983 :19). بەگشتی بابەتگەلێکی دیاریکراو و وانەی ئامادەکراو نین تا مامۆستا و خوێندکار پابەندی بن، بەڵکو لەسەر خوێندکارەکانە تا ئەو بابەتە بدۆزنەوە کە خۆیان بۆ فێربون دەیانەوێت (Nurhasanah, 2015 : 70).

هەروەها لەم میتۆدەدا، ڕۆڵی مامۆستا وەک ڕاوێژکارێک وایە کە خوێندکارەکانی ئاریشەی فێربونی زمانیان هەیە و ڕاوێژکار لەسەرخۆ و هێدی هێدی، هاوکاریی خوێندکارانی دەکات تا بەتەواوی تێبگەن خوێندکار بۆی هەیە پەیوەندیی لەتەک مامۆستاکەی هەبێت تا بەسەر کێشەکانیدا زاڵ بێت. سەبارەت بە کتێبی پرۆگرامی خوێندنیش، لەم میتۆدەدا گرنگیی زۆری پێ نادرێت و زیاتر جەخت لەسەر ئارەزوی خوێندکار بۆ هەڵبژاردنی بابەت دەکرێتەوە(La-Forge, 1971: 65) .

هەروەها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و کەموکوڕییەکانی فێرکردنی زمانی دوەم لە سەردەمی نوێ و لە کۆتایی سەدەی بیست بەرەو سەدەی بیستویەک و تا ئێستا، چەند میتۆدیکی نوێ هاتنە ئارا و پێڕەو کران کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

**١-** میتۆدی پەیوەندیی کارا بۆ فێرکردنی زمان 'Communicative Language Teaching Method':

سەرەتا ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردو پەیوەندیی کارا بۆ فێرکردنی زمانی وەک میتۆدێک دامەزرا، (Brumfit, 1986: vii) ئەم میتۆدە زۆر بواری جیاجیا و بیروبۆچونی جۆربەجۆر دەگرێتەوە. وێنەی میتۆدەکانی تر ئەم میتۆدە بە کەسێکی دیاریکراو تایبەت نییە. هەندێك لە سەرچاوەکان دو جۆری پەیوەندیی کارا: لاواز و بەهێز جیا دەکەنەوەو پێیانوایە، پەیوەندیی کارای لاواز شێوازە ناستانداردەکەیە کە خوێندکار فێری بەکارهێنانی زمان دەکات، لەکاتێکدا پەیوەندیی کارای بەهێز خودی زمان بەکاردەهێنێت بۆ فێربون (Rodgers & Richards,1999: 65). بۆ نمونە ئەگەر کتێبێکی فێرکردنی زمانی کوردیمان هەبێت، بۆ شێوازە لاوازەکە لەوانەیە ناوی بنێین؛ فێربون لەپێناو بەکارهێنانی کوردی. لەکاتێکدا لە شێوازە بەهێزەکە ناوەکە دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی کوردی لە پێناو فێربون.

**٢-** توانست و کارامەیی ئاخاوتن لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا:

بناغەی سەرەکیی ئەم میتۆدە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە زمان ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن. چالاکییەکان وەهان کە هانی خوێندکار بدەن بۆ ئەوەی ڕاهێنانی ئاخاوتن بکات. بە گوێرەی بۆچونی هایمس، مەبەست لە پێشخستنی زمان، پێشخستنی توانستی پەیوەندیی کارایە. هەر بۆیە بۆچونەکانی هایمس تا ڕادەیەک دژیەکە لەگەڵ بۆچونی چۆمسکی، کە دەربارەی توانستی زمان قسە دەکات و باس لە ئاخێوەر و گوێگر دەکات لە چوارچێوەی ئاخاوتندا (Richards: 36 & Rodgers, 1999). چۆمسکی توانستی زمان لە زانینی سیستەمی زمان و یاسا ڕێزمانییەکان قەتیس دەکات، لەکاتێکدا هایمس فراوانتر ئەو بابەتە دەبینێت. ئەو کەسەی توانستی پەیوەندیی کارای هەیە لە زمانێکی دیاریکراودا، دەبێت بتوانێت گوزارشت لە خواست و پێداویستییەکانی بکات، خولیا و بیرۆکەکانی بە زمانێکی ڕون دەربڕێت. چۆمسکی دەربارەی توانستی پەیوەندیی کارا دەڵێت؛ توانستی پەیوەندیی کارا سیستەمێکی زانیاریی زمانییە کە لەلایەن قسەکەران زمانێکی تایبەتەوە بەرهەم دەهێنرێت. ئەمەیش جیاوازە لەکارامەیی و ئاخاوتن، کە هۆیەکە تێیدا سیستەمی زمان لە ئاخاوتندا بەکاردێت. چۆمسکی پێی وایە توانست سیستەمێکی زمانیی نمونەییە کە وا لە قسەکەرێکی زمان دەکات، لە چوارچێوەی زمانەکەی خۆیدا ناکۆتا ڕستە بەرهەم بهێنێت و لە ناکۆتا ڕستە تێ بگات. هەروەها، ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی نارێزمانی لە یەکتر جیا بکاتەوە (Chomsky, 1965: 37).

پرۆسە و چالاکییەکانی فێرکردن بەو شێوەیە دەبێت کە ئایا تا چەند بۆ خوێندکار مانادارن. ئەمەیش لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا گرنگیی ئێجگار زۆری پێ دەدرێت (Richards & Rodgers, 1999: 72). میتۆدی پەیوەندیی کارا بەگشتی لەسەر بنەمای توانستی پەیوەندیکردن دامەزراوە، کە زمانەوانان پێیان وایە بۆ گەیشتن بەم توانستە مرۆڤ پێویستی بە زانیاریی زمان و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم توانستە لە خۆیدا بەدیبکات، هەر بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئامانجی میتۆدی پەیوەندیی کارا تەواوکردنی توانستی پەیوەندیکردنە (Canale: 49 & Swain, 1980)

توانستی زمان بریتییە لە زانیارییە زمانییەکان کە لە هزری قسەکەردا هەیە. کارامەیی بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کە لە مێشکدا هەن. هەر بۆیە بەگشتی بۆ زانینی توانستی کەسێک پێویست بە تاقیکردنەوەی کارامەیی ئەو کەسە دەکات، بەڵام مەرج نییە لە هەمو کاتێکدا کارامەیی ڕەنگدانەوەی تەواوی توانستی زمان بێت.

**٣-** پرۆگرام و مامۆستا و خوێندکار لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا:

مەبەستی فێربون 'بۆ گەشت، بازرگانی یان هەر مەبەستێکی تر'، ئەو بابەتانەی دەخوازن لەبارەیەوە بدوێن 'بۆ نمونە، کەسێتی، خوێندن، بازارکردن' ئەو حاڵەتانەی کە پێویستیانە زمانی ئامانجی بۆ بەکاربهێنن 'ناساندنی شتێک، داواکردنی شتێک، دەربڕینی ڕەزامەندی یان نارەزامەندی'، بابەتەکانی 'کات، چەندێتی و ماوە'، هەروەها وشە و ڕێزمانیش. بەڵام بە بڕوای زۆرێک لە زمانەوانان مەرج نییە ئەو میتۆدەی کە بۆ شوێنێک و لە کاتێکی دیاریکراودا دەشێت، بۆ شوێن و کاتێکی دیکە شیاو بێت، چونکە تایبەتمەندییەکانی شوێن و کات و خوێندکار دەبێ لە دارشتنی میتۆددا بەهەند بگیررێن .(Yalden, 1986: 25)

ستراتیژی کۆمەڵێک شێوازی وانەوتنەوە و ئامراز و چالاکی و شێوازی هەڵسەنگاندنە، کە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی کردەی فێرکردن (شحاتة و النجار، ٢٠٠٣: ٣٩) شێوازی دارشتنی بابەتەکانی وانەگوتنەوە لە میتۆدی پەیوەندیی کارادا هەمیشە جێگای بۆچونی پێچەوانەی لێکۆڵەران بوە. لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردودا هەوڵەکان بۆ گەشەدان بەم میتۆدە کەوتنە گەڕ. سەرەتا بە جیاکردنەوەی بەشەکانی کتێبی فێرکردنی زمان بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بە یەکەوە بو. دواتر کارەکانی ویلکینس کە سەرنجی چڕی لای ئەوە بو، فێرکردنی زمان دەبێت بۆ تێگەیشتن و دەربڕین بێت، نەک ئەوەی کە خوێندکار لە بنەماکانی زمانی ئامانج تێ بگات و وشە و دەستورە ڕێزمانییەکان بە شێوازە تەقلیدییەکە لەبەر بکات، هەر بۆیە ئەو دەیویست زیاتر سیستەمی مانادارى ڕونبکاتەوە، کە میتۆدی پەیوەندیی کارای لەسەر دامەزراوە (Rodgers, 1999 & Richards: 29). ئەو دو شێوازی مانای جیاکردەوە؛ یەکەم پۆلی چەمکەکان 'Notional categories' چەمکەکانی کات، چەندێتی، چۆنیەتی، شوێن...هتد وەک نمونە. دوەم پۆلی ئەرکەکانی پەیوەندیی کارا 'Categories of Communicative Function' کە پێک دێن لە نمونەکانی وەک داواکردن، ڕەتکردنەوە، پێشکەشکردن و گازەندەکردن. ئەمەیش کاریگەریی گەورەی هەبو لەسەر گەشەسەندنی میتۆدی پەیوەندیی کار(هۆرست پێیوابو، سەرەڕای ئەوەی نوسینەکەی ویلکینس کاتێکی زۆری بەسەردا ڕۆیشتوە، بەڵام هێشتا بیرۆکەکانی ئەو گرنگیی خۆیان لە دەستنەداوە. لەگەڵ ئەوەیشدا گۆڕانکارییان تێداکراوە و بێبەش نەبون لە ڕەخنە ( Hurst, 1997: 37).

دوبارەی دەکەینەوە، بەرپرسانی سیستەمی خوێندنی زمانی دوەم لە پرۆسەی پەروەردەدا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، درکیان بەم قۆناغەکانی فێرکردنی زمان و ڕێبازەکانی نەکردوە، لەسەر ئەو زەمینەیەیش نەیانتوانیوە میتۆدەکانی فێربونی زمان وەربگرن و کاریان پێبکەن و لەسەریان بڕۆن و بەپێی سەرکەوتنی ئەزمونی هەر میتۆدێک لە واقیعی پرۆسەی خوێندن، میتۆدەکان تاقیبکەنەوە، سەرەنجام ئەوەی لێکەوتوەتەوە، کە شکستی فێرکردنی زمانی دوەم بوە لە پرۆسەی خوێندندا، بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم شکستەیش بیر لەوە کرایەوە، زمانی دوەم بهێنرێتە جێگەی زمانی یەکەم و زمانی بیانی بکرێتە زمانی یەکەم لە پرۆسەی خوێندندا، وەک چۆن ئێستا لە زۆر لە قوتابخانەکاندا ئەوە پێڕەودەکرێت.

**بەشی دووەم**
**لەیەکەمیخستنی زمانی دایک**

سەرەتا:

لەم بەشەدا بە ناونیشانی (لەیەکەمیخستنی زمانی دایک) هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی تیۆری باسی ئەم مەترسیانە بکەین کە زمانی دووەم "ئینگلیزی" لە سەر زمانی یەکەم "کوردی" دروستیدەکات، ئەویش لەو پرۆسەیەی کە ئەمڕۆ لە قوتابخانە تایبەت و ناحکومییەکان و هەندێ لە قوتابخانە حکومییەکان، ئەوانەی ناویان لێنراوە نمونەیی، بەڕێوەدەچێت و ئێمە لێرەدا ناومان لێناوە، لەیەکەمیخستنی زمانی دایک.

زمانی مرۆڤایەتی دیاردەیەکی زیندوی کۆمەڵایەتییە، لایەنی دەرونیی زۆر ئاڵۆزە، زمان ئەو ئامرازە داهێنراوەیە کە مرۆڤ فێری بوە، هەرگیز ناتوانێت وازی لێبهێنێت، چونکە دەتوانێ ئەرک و پێداویستییەکانی پێجێبەجێ بکات، بە بێ زمان کارەکانی بۆ مەیسەر نابێ، زمان نرخێکی گەورەی هەیە لە ڕونکردنەوەی تەوەرە کاریگەرەکان لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا، بۆیە زمان بوەتە هۆی تێڕامان و بیرکردنەوە، بۆ دۆزینەوەی لایەنی تێگەییشتن و لایەنی لێلییەکانی، تا بتوانێ سیستەمەکە دیاری بکەن لە نهێنییەکانی قوڵ ببنەوە، تا ڕێگا بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕێزمان و دەستورەکانی خۆش کردبێت. (شوانی ٢٠٠٨: ٩)

زمان بەبێ شارستانیەت گەشە ناکات، چونکە بە هۆی گۆڕانی لایەنەکانی ژیانەوەیە دەگۆڕێت و فەرهەنگی وشە و کەرەستەکانی فراوان دەبێت(شوانی، ٢٠٠١: ٤٧).

بۆ ئێستای کورد لە هەرێمی کوردستان و لە ڕۆژگاری ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، تایبەت بە زمانی دایک بابەتێک وەک بابەتی زاڵ و پڕ باسوخواسی ناوەندە ڕۆشنبیری، ئاکادیمی، پەروەردەیی و میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان بوەتە بابەتی گەرم و پێویستی بە قسەی جیدی هەیە: بابەتی بەئینگلیزیکردنی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قۆناغەکانی دواتری خوێندن وەک پلانێک کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان پیادەدەکرێ و بەڕێوەدەچێت. ئەم دیاردەیە لەم ساڵانەدا لای پسپۆڕان و تەنانەت لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە واتای پەراوێزخستنی زمانی کوردی لێکدراوەتەوە.

پێویستە بپرسین ئایا بەڕاستی ئەم بڕیار و بەرنامانە، بە واتای پەراوێزخستنی زمانی دایک نەبێت، ئەی چییە؟ بۆچونی زماناسانی بەناوبانگ و بەئەزمون لە بواری زمانناسیی کارەکی، پلان و سیاسەتی زمان، فێرکردنی زمانی دووەم چییە؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە و تیشکخستنەسەر پرسی زمانی کوردی و زاڵکردنی زمانی ئینگلیزی لە کوردستان، لەم بەشەدا بەدواداچونێکی تیۆری دەکەین، وەک لە دەروازەی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێکرد، ئەم بەشە تیۆرییە لەبەرئەوە کەوتوەتە کۆتایی ئەم توێژینەیەوە، چونکە باسەکەمان پشتی بە داتا و ئامار و ڕاپرسی و سەردانی مەیدانی نەبەستوە و نەبونی ئەم لایەنەمان وەک کەلێن و گرفتی توێژینەوەکە لە سەرەتاوە ناساند.

بۆ دەبێت زمانی دایک زمانی یەکەم بێت؟

زۆر گرنگە جەخت لەسەر زمانی دایک وەک زمانی یەکەم لە خوێندگەکان و زمانی فەرمیی وڵات بکرێت ئەویش بەکورتی لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- زمانی دایک زەمینەی ڕسکاندنی شێوەی هزرین و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤە.

٢- زمانی دایک لە شێوەکردن و گەشەکردنی فیکر و توانا عەقڵییەکانی منداڵدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە.

٣– زمانی دایک منداڵ زیاتر بە بنەماڵەوە هۆگر و پێوەست دەکات، بە دایک و باوک و نەنک و باپیرەوە دەبەستێتەوە، زمانی دایک ڕایەڵی پتەوی نێوان نەوەکانە. بە بڕوای بیەر بوردیو زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت کە لە ڕێگەی فێرکارییەوە دەخولقێت. (بوردیو، ١٩٩٣: ٦٧)

٤- لە لای ساپییر ١٩٢١ (Sapir) زمان بە تەنیا تایبەتە بە مرۆڤ و ڕێبازێکە لەگەڵ لەدایکبونیدا پێی بەخشراوە (فێری نەبوە) زمان لە ڕێی ڕژێمێکەوە، کە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە و ئازاددروستکراو (دەستوربەدەر) پێکهاتوە، زمان بۆ گۆڕینەوە و گواستنەوە و پێڕاگەیاندنی بیر و هەست و ئاواتە. (مەحوی، ٢٠٠١: ٩) زمانی دایک تۆمارکەر و پارێزەری

کولتورە، زمانی دایک ڕسکێنەری کولتوری ئیتنیکی و پێوەست بە مرۆڤە کە ڕیتمێکی ئاسایی و لەسەرخۆی بۆ گەورەبون هەیە.

٥- زمانی دایک بنەمایە بۆ فێربونی زمانی تر، واتە ئەو کەسانەی زمانی دایکیی خۆیان باش و ئاسایی فێر دەبن گەر بیانەوێ و هەوڵ بدەن دەتوانن چەندین زمانی تر بەباشی فێر بن، تەنانەت باشتر لەو کەسانەی کە زمانی دایکیی خۆیان بەباشی فێرنابن. لێکۆڵینەوەگەلێک بۆ نمونە یەک لەوان لە زانکۆی ڕازی لە کرماشان کراوە، ئەوە دەردەخات کە ئەو منداڵانەی زمانی زگماکیی خۆیان دەزانن، دواتر فارسییش فێردەبن، لە فێربونی زمانی سێهەمدا، وەکو ئینگلیزی، سەرکەوتوترن وەک لەو منداڵانەی کە لە زمانی دایکی خۆیان بێبەش کراون، بە زۆری فێری فارسی کراون و پاشان ناچارکراون کە ئینگلیزییش فێر بن. واتە، منداڵێکی کە زمانی زگماکیی خۆی باش فێردەبێت، دەتوانێت نەک زمانێکی دوهەمی تر، بەڵکو چەند زمانی تریش فێربێت و باشیش فێریانبێت (محمدی، ٢٠٢٣: ٨٧). گرینگیی زمانی دوەم لەوکاتەوە دەستپێدەکات و تا ئەو کاتەیە، کە هەر بە زمانی دوەمی بمێنێتەوە و نەبێت بە زمانی یەکەم و جێگەی زمانی دایک نەگرێتەوە، چونکە لەمێژە زمانەوانان درکیان بەوە کردوە، کە زمانی یەکەم دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ فێربونی زمانی دوەم (Richards & Rodgers, 1999: 3). ئەوە ئاشکرایە زمانی یەکەمی قوتابی وەک زمانی یاریدەدەر لە پۆلدا دەکەوێتە گەڕ. زمانی یەکەم بۆ شیکارکردنی بابەتی نوێ گرنگە و بەراوردکاری لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی ئامانجی خوێندکاردا دەبێتە هۆکارێک تا ئاستی تێگەیشتن زیاتر بێت (Richards & Rodgers, 1999: 4).

هەروەها ئەو ڕاستییەیش نزیکە لە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کە ئەوانەی زمانی خەڵکی تر دەزانن، دەتوانن باشتر هەڵسوکەوت و دابونەریتی ئەوانی تر تێ بگەن. بۆیە، ئەو خەڵکانەی کە دو زمان یان زیاتر دەزانن، لە ئاست جیاوازیی فەرهەنگی و زمانی نەرمترن و لێبوردەیی و سنگفراوانییان زۆرترە وەک لەوانەی تەنیا یەک زمان دەزانن و، خۆیان لە ئاخێوەرانی زمانی تر بە زۆرتر دەزانن. ئەم خۆبەزۆرتر زانینە بۆی هەیە لە کردەوە شۆڤینی و مەترسیدارەکانی تر خۆ بنوێنێت، کارتێکەریی مەعنەوی و ماددی هەبێت و، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست بکات. (محمدی، ٢٠٢٣: ٥٣).

٦- زمانی دایک سەرمایەیەکی مرۆییە، هەر زمانێکی جیهان دیاردەیەکی فرە ئاڵۆزە و دەرکەوتەیەکی گرنگی هزری و مێشکیی مرۆڤە، ئەم پێکهاتەیە بە هەزاران ساڵ گەییشتوەتە بەم دۆخەی ئێستای. تێگەیشتن لە میکانیزمی کارکردنی ئەو زمانە دەلاقەیەک بەڕوی تێگەیشتن لە مێشکی مرۆڤ و قەوارە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە. ئەم سەرمایە مرۆییە ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی گوتار «گوتاری مێژویی، گوتاری نەتەوەیی، گوتاری ڕاگەیاندن، گوتاری یاسایی... هتد» دەگێڕێت. گوتارناسان پێیان وایە گوتار بە واتای زمان لە بەکارهێنداندایە.(Woods, 2006: 3) گوتار بەکارهێنانی زمانە وەک بابەتێکی کۆمەڵایەتی. چەمکی گوتار ئەم ڕەهەندانەی هەیە:

١- گوتار وەک هەر شتێک لە ڕستە بەولاتر.

٢ -گوتار وەک بەکارهێنانی زمان

٣ -گوتار لە واتایەکی فراوانتردا، وەکو ئەکتی کۆمەڵایەتی دەناسێنرێت(Schiffrin et al , 2015: 3). (Harris,1952)

چەند ڕاستییەک دەربارەی زمان:

زاڵبون و لەپێشەوەبونی زمانی ئینگلیزی لە ناوەند و ئاستەکانی زانکۆ و قوتابخانە ئەهلییەکان، بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی زمانی ئینگلیزییان بە بنەمای فێرکردن داناوە، وەک ڕاستییەکی بەرچاوە و پێویست بە سەلماندن ناکات. پێش ئەوەی بپرسین ئایا فێربونی ئینگلیزی بەو شێوەیە کە بەسەر زمانی دایکدا زاڵ دەکرێت بەسودە، یان زیانبەخشە؟ لایەنی باشەی چییە لایەنی خراپەی چییە؟ سەرەتا دەبێت بزانین زمان خۆی چییە و چ ئەرکێکی هەیە:

١- مەبەستی سەرەکی لە داهێنان و بەکارهێنانی زمانی، تێگەیشتنی دەوروبەری مرۆڤ و پێوەندیکردنە بە خەڵکی هاوزمانەوە، بە واتایەکی سادەتر، زمان بۆ پەیوەندیکردنە لەگەڵ دەوروبەردا، بێگومان جگە لەزمان، مرۆڤ ڕێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابینکردنی ئەم پەیوەندییە، هەندێ لەو ڕێگایانە لەگەڵ زمانی خۆیدا بەکاردەهێنێت. (فەتاح،

٢٠١١: ٢٣) زمان تەنها هۆکارێکی پێوەندیگرتن نییە و بەس؛ چەندین ئەرکی تریشی هەیە، وەک دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، دەربڕینی هەڵچون و سۆزداری و... هتد.

٢- هەر زمانێک هەرچەند ئاخێوەری کەم بێت یان زۆر، سنوری بەکارهێنانی فراوانبێ یان تەسک، دەبێ بپارێزرێت و بەکارهێنەرانی خزمەتی بکەن وەک چۆن زمان ئەوان خزمەت دەکات؛ هەمەجۆریی زمان سەرمایەیەکی مرۆڤایەتییە. ئەمە وامان لێ دەکات بڵێین ڕاست و زانستی نییە زمانی ئینگلیزی لە خوێندن و ناوەندە پەروەردەییەکان ببێتە هۆکاری پەراوێزخستنی زمانی دایک یان لەسەر ئەو بنەمایە پەرە بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی بدرێت. جۆراوجۆریی زمانی تایبەتمەندیی هەمو کۆمەڵگەیەکی مرۆییە. لە ڕوانگەی ڤلیپسۆنەوە، هەمو فێرکارییەکان جگە لە زمانی دایکی، ئێمپریالیستییە، تەنانەت ئەگەر پاڵنەری فێرکارەکە ئەمە بێت کە یارمەتیی قوتابییەکە بدات تا لە هەژاری ڕزگاری بێت و دەرفەتی کاری چنگ بکەوێ. ئەو وشەی هەڵاواردنی زمانی داهێنا کە لەگەڵ وشەکانی نەژادپەرستی و ڕەگەزپەرستی دێتەوە. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هەر زمانێک بە یەکسانی مامەڵە نەکرێ هەمو فێرگە چەند زمانییەکان بە هەڵاواردنی زمانی تاوانبار دەکرێن. کانگێس خێزان و هاوکاری ڤلیپسۆن دەڵێت: فێرگەکان و قوتابخانەکان، کۆرێکە بۆ نەسڵکوژی و جینۆسایدی زمانەکان. (محمدی، ٢٠٢٣: ١٣٩) نوێترین لێکۆڵینەوەیش لەم بوارەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فرەزمانی، واتە زانینی چەند زمان، یان پەروەردە بە چەند زمان یان شێوەزار، نەک هەر خراپ نییە، بەڵکو لە چەندین ڕووەوە زۆر باشیشە، وەکو هۆشەکی، سەلامەتی، ڕۆحی و دەرونی، زمان فێربون، پێکەوەژیان و تەباییی کۆمەڵایەتی و ئابوری. (محمدی، ٢٠٢٣: ٤٨) بە بۆچونی کریستاڵیش هیچ زمانێک لە تەنیایی و گۆشەگیریدا ناژیت و ئەگەر زمانێک بیەوێ خۆی وەک پەتیترین و ڕەسەنترین زمان و خاوەنی وشە خۆجێییەکان پێناسە بکات، پێوەندیی خۆی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دەپچڕێنێت و وەک تاکێکە کە دور لە کۆمەڵگا دەژیت، چونکە ئەنجامی وەها بیرکردنەوەیەک دەبێتە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی و ئابوری (Crystal,2004:27).

خراپ نییە زمانانی ئینگلیزی، عەرەبی و هیی تریش هەبن و بخوێنرێن، بەڵام بابەتی زمانی دایک شتێکی ترە، زمانی پێوەندیی و پێکبەستنی نێوان نەوەکانە، زمانی پاراستنی کولتور و ناسنامەی نەتەوەیە؛ بۆیە بە هەر نرخێک بێ دەبێ پەرەی پێ بدرێت و بە گرنگ سەیر بکرێت.

٣- هەمو زمانێک بە ئەندازەی خۆی هەم ساکارە و هەم ئاڵۆز، بەڵام وەک ڕاستییەکی بەڵگەنەویست. بۆ تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، بۆ ئەو منداڵانەی لە خێزانێکدا گەورە دەبن هیچ زمانێک هێندەی زمانی دایک ئاسان نییە، بۆ فێربون پێویستی بە زەحمەتی و فێرکارییەکی ئەوتۆ نییە، هەمو زمانێک بنەما و پێکهاتە و ڕۆنانی تایبەت بە خۆی هەیە، هیچ زمانێک لەوی تر جوانتر یان ناشرینتر، باشتر یان خراپتر، لە بنەمادا پێشکەوتوتر یان دواکەوتوتر نییە و ئەوە ئاخێوەرانی زمانەکەن ئەو سیفەتانەی پێ دەبەخش یان زمان دەگەیەننە ئەو قۆناغ و ئاستانە.

زمانی دایکی ڕایەڵێکە کە ئێمە بە مێژوی خۆمانەوە دەبەستێتەوە، هەر یەک لە ئێمە گرێیەک لەو ڕایەڵەی بەستنەوەی بەرەکانین. گەر ئەو گرێیانە توندتۆڵ و بەهێز نەبن پیوەندیی نێوان بەرەکان سارد و بێهێز دەبێ و زمانی دایک بەرەو لاوازی دەبەن، پێویستە لەسەرمان ئەو پێوەندییە بەهێز و توندوتۆڵ بکەین. لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤیشدا خوێندن بە زمانی دایک لە (ماددەی ٢) دا، بە مافێکی مرۆیی جەختی لێکراوەتەوە، ( Universal Declaration of Human Rights Article 2)

کە زمانێک لە شوێنك زاڵ دەبێت، لەبەر ئەوە نییە هەمو زو فێری دەبن، یان بە سروشت ئاسانبونی ئەو زمانە هۆکار بێت، بەڵکو لەبەر ئەوە کە ئەو زمانە زمانی بەدەسەڵاتەکانە. دەبێت خوێندنی سەرەتایی بە زمانی دایک بێت، چونکە منداڵ لەگەڵ مامۆستا و هاوڕێیانی قوتابخانەی بە ژینگەیەکی ئاشنا دەکرێتەوە لەمەوە تەماس و گوزارشتەکانی ئاسانتر دەبێت. خوێندن و پەروەردە، بۆ چین، گەر لە خزمەت بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵدا نەبن؟

هۆکارەکانی بەهێزبونی زمانی ئینگلیزی لە ناوەندەکانی خوێندن:

زمانی ئینگلیزی لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، ئاسیا، ئەفریقا، نیوزلەندا و هەندێک دورگەی ئەتڵەنتیک و هیندستان و زەریای هێمن قسەی پێ دەکرێت. وەک زمانی یەکەم لەلایەن (٣٢٠-٣٧٠) ملیۆن کەس قسەی پێ دەکرێت، هەروەها

وەک زمانی دوەم بە هەمان ژمارە قسەی پێ دەکرێت، وەک زمانی بیانی لەلایەن ملیۆنان خەڵکەوە قسەی پێ دەکرێت، زمانی ئینگلیزی نزیکەی یەک لەسەر چواری دانیشتوانی گۆی زەوی بەکاریدێنن، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە زۆر شوێنەوە قسەی پێ دەکات، بۆیە بە زمانێکی جیهانی دادەنرێت. (ڤینی، ٢٠١٨: ١٢) زیاتر لە یەک ملیار و نیو کەس لە سەرانسەر دنیادا بە ئینگلیزی قسە دەکەن - واتا نزیکەی لە هەر چوار کەسێک لە سەرانسەری دنیادا کەسێک بە ئینگلیزی قسە دەکات. (magazine-zone, بێ بەروار) هۆکاری بەهێزی جێگرتنەوەی زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: ئینگلیزی خاوەنپلانی هەیە، کە یەکێ بگرە دو لە زلهێزانی جیهان (بەریتانیان و ئەمریکا) پشتیوانیی دەکات. جگە لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، تەشەنەسەندنی دەسەڵاتی ئەمریکا، چەندین هۆکاری تر بونە هۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی لە دونیادا بەهێز ببێت، لەوانە: (زانست و ئەکادیمیا، بازرگانیی نێودەوڵەتی، دیپلۆماسیی وڵاتان، گەشت و هاتوچۆی ئاسمانی، پەرەسەندنی سینەما و موزیک...هتد) یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئایدۆلۆژیای نیولیبرالیستییە کە وەک بازاڕ سەیری زمان دەکات دەیەوێ وەکو کاڵا بیفرۆشی، دو چەمکیان بۆ داناوە بە ناوی بازاڕی زمانی (linguistic market) کە لە نێو بازاڕی زمانیدا ئەو کاڵایە کە بەنرخە دەبێتە زمانێ وەکو زمانی ئینگلیزی یان زمانێ وەکو زمانی فارسی، کوردی کاڵایەک نییە کە نرخ و بایەخی هەبێ، بۆیە ئەم کاڵا، تەنیا و تەنیا ئەم دو دانە زمانەن کە پێی دەڵێن کاڵاییکردنی زمان (language commodification (LC)).تۆ دەچی تەنیا ئەم زمانە لەنێو ئەم بازاڕەدا دەفرۆشی، داوا لەوانی تریش دەکەی بۆ ئەوەی پیشە و کارێکی باشت بێت دەبێ حەتمەن فێری ئەم زمانە بێت، یان ئەم زمانە بەکاربهێنێت، چیتر ئەم زمانەی خۆت بە کارت نایە، قازانج و داهات و پارەی تێدا نییە، ئەمە لێرەدا ئایدۆلۆژیایەکی زۆر مەترسیدارە کە پێ دەڵێن ئایدۆلۆژیای نیولیبراڵ (Neoliberal ideology) و نە تەنیا لە زماندا بەڵکو لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بەسەر خەڵکیدا دەیسەپێنن! (محمدی، ٢٠٢٣: ١٣٧) دەبێت کۆی ئەو ڕەهەندە باشانەی فێربونی زمانێکی وەک زمانی ئینگلیزی هەڵپەسێرین و گومان لە گرنگیی ئەم زمانە نەکەین، کە شتێکی بەڵگەنەویستە، قسە لەسەر پێویستیی قوتابییان و سیستەمی خوێندنی ئێمە بە زمانی ئینگلیزی و کۆمەڵگای ئێمە بەم زمانە و زمانێکی جیهانی نییە، کێشەکە ئەوەیە ئامانجەکە لە پەروەردە و سیستەمەکەیدا ببێتە زمانی ئینگلیزیی و پشتکردن لە زمانی کوردی و زمانە لۆکاڵە فەرمییەکانی تر. (سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٧٥) بەریەککەوتن و تێکەڵبونی دو زمان کاریگەریی لەسەر یەکتر دادەنێن، لە ئەنجامی پێویستیی یەکێک لەم دو زمانە بە دەربڕاوێک. (النعیمی، ١٩٨٠: ٨٠-٨١)

لەپاڵ ئەم لایەنە واقیعی و حاشاهەڵنەگرانەدا، کۆمەڵێک وەهەم لە لای وڵاتانی کۆلۆنێلکراو و ئەوانەی هەست بە کەمی زمانەکەیان لە ئاست زمانی ئینگلیزیدا دەکەن، برەوی پێ دەدرێت، سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی دەبێت ئەوەش بزانین، ئەم زمانە هەر تەنیا زمانی فێربونی زانست نییە، بەڵکو زمانی بەرجەستەکردنی فۆڕمێکیشە لە تێگەییشتن و حوکمدان بەسەر دنیادا، کە هەڵگری کۆی دەلالەتەکانی مێژوی ئەم زمانە هەڵگریانە لە ئاست ئەوی تردا، کە قۆناغی کۆلۆنیالیزم کردونی بە بەشێک لە ناخودئاگای ئەم زمانە و لەم ناوچەیەدا شوناسی خۆی لەسەر هەڵچنیوە. (سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٧٥) ئەو وەهمانەیشمان لەم خاڵانەدا بەرجەستە کردوە:

١- زمانی ئینگلیزی فاکتەری زیرەکی و قوڵبینینی جیهان و جیهانبینیی فراوانە: زیرەکی و قوڵبینینی جیهان و جیهانبینیی فراوان پێوەندیی بە زۆر هۆکاری ترەوە هەیە، دەکرێت زانینی هەر زمانێک هۆکارێکی یارمەتیدەر بێت بۆ ئەمە، بەڵام تێگەیشتنی قوڵ و واقیعی لە جیهان پێوەندیی بە شێوازی بیرکردنەوە و ئەزمون و وردبینییەوە هەیە لە زۆر شتی تردا، نەک تەنها ببەسترێتەوە بە زانینی زمانی ئینگلیزییەوە.

٢- ئاسانی لە فێربونی زمانی ئینگلیزی: هیچ زمانێک نە ئاسان نە گران نییە، ئەوە ڕادەی نزیکی و تێکەڵی و هێنانە ناو پرۆسەی خوێندن لە ساڵانی سەرەتای خوێندنەوە ئەوە دیاری دەکات کە ئەو زمانە ئاسانە بۆ تێگەیشتن، بۆ نمونە گەر لە جیاتیی زمانی ئینگلیزی هەر زمانێکی تری دنیا لە ساڵانی سەرەتا خوێندنەوە بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە، ئەوا ئاشنایی بۆ قسەکەرانی ئەو زمانە زۆر دەبێت و بە زمانێکی ئاسان و ئاشنا دێتەهەژمار.

هەر زمانێک لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنەوە فێری منداڵ بکرێت، بێگومان ئەوەندە دەبیسترێت و دەخوێنرێت، منداڵ ئاشنایی زۆر پەیدادەکات؛ وەک چۆن ئێستا ئەو کارە بۆ زمانی ئینگلیزی دەکرێ، بۆیە ئەمە وایکردوە بگوترێت

زمانی ئینگلیزی ئاسانتر فێر دەکرێت، لەمەوە دەتوانین بڵێین، ئاسانی یان گرانیی زمانێک لەخۆوە نییە، هیچ زمانێک ناتوانێ لەخۆوە ئاسانتر بێت؛ هەر زمانێک ئەوەندە پەرەی پێ بدرێت فێربونیشی ئاسان دەبێت.

٣- زمانی ئینگلیزی هەر بە سروشتی خواستی لەسەرە و گەشەی کردوە: ئەمە یەکێکە لە وەهمە بەهێزەکان، کە پێی وایە زمانی ئینگلیزی هەر بە خۆرسک بەو شێوەیە فراوان بوە و سەری هەڵداوە، نەخێر هەرگیز سروشتێتی و خۆرسکیی گەشەکردن لە پشت هیچ زمانێکەوە نییە، بەڵکو ئەوە پلانی بەرنامەبۆدارێژراوە هۆکاری گەشەسەندنی زمانی ئینگلیزی بوە، ئەمە جگە لەوەی لە زۆر شوێن بونی زمانێکی دیاریکراو بە زمانی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەی سەپاندن بوە نەک مەیلی فێربون و دڵخوازانە.

٤- زمانی ئینگلیزی دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا: ئەمە نەک هەر وەهمە بگرە زۆر جار زانینی زمانی ئینگلیزی بە هۆی ئەوەی ئاییندەیەکی باشتر بە هەندێ کەس نەک هەموی، دابین دەکات، ئەمە جیاوازیی چینایەتی و ناهاوسەنگیی دارایی و نارێکیی پلەی کۆمەڵایەتی، پەرە پێ دەدات و قوڵتری دەکاتەوە، ئەمەیش هۆکارێکی نایەکسانیی کۆمەڵایەتییە.

٥- زمانی ئینگلیزی زیانی بۆ زمانی دایک نییە: ئەمە وەهمێکە چونکە دۆخی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا ئەوە دیاری دەکات زیانی هەیە یان نییەتی، لە ئێستای هەرێمی کوردستاندا کە چەندین قوتابخانە کراونەتەوە، تێیاندا زمانی ئینگلیزی زمانی یەکەمە، بەدڵنیایی زیانی بۆ زمانی دایک دەبێت.

٦- وەهمێکی تر ئەوەیە زۆرن وا بیر دەکەنەوە زمانی ئینگلیزی بۆ پەروەردە و خوێندن لە زمانی دایک باشترە: هۆکاری فێرکردن و وانەگوتنەوە، دەبێ زمانی دایک واتە زمانی خودی منداڵ بێت، ئەمە منداڵ دەکاتە سەنتەری فێربون، پرۆسەی فێربونی هۆشەکی باشتر دەکات.

چی بکرێت بۆ ئەوەی گرنگیی زیاتر بە زمانی دایک بدرێت؟

پاش بەرچاوخستنی هۆکارەکانی پشت فراوانبون و گەشەپێدانی زمانی ئینگلیزی، پێویستیی مرۆڤ بەوزمانە و ئەزمونی دەوڵەتان و بیرکردنەوە هەڵەکان کە بونە هۆی زاڵبونی زمانی ئینگلیزی، قازانج و زیانەکانی وەک هەڕەشەیەک لەسەر زمانی دایک، پێویستە بە کارکردنی زانستی و پلاندانان لەپێناو بونی مرۆڤی کورد وەک ناسنامەی وجودی و قەوارەی نەتەوەیی شکۆ و پێگەی زمانی دایک بگەڕێنینەوە، بۆ ئەمەیش ئەمخاڵانە دەخەینە ڕو کە دەبێت جێبەجێ بکرێن:

١- کارکردن لەناو زماندا: لێرەدا دەبێ زیاتر لەم ڕوانەوە بە شێوەیەکی زانستی کار لەناو زماندا بکرێ:

أ- لەڕوی فەرهەنگنوسییەوە: بایەخ بە هەمو زاراوەکانی زمانی کوردی بدرێت و وشەکانی کۆ بکرێنەوە و دەوڵەمەند بکرێن و بپارێزرێن.

ب- لەڕوی ڕێزمان و زمانناسییەوە: بایەخی گرنگ بە ڕێزمانی کوردیی بدرێت، وەک زانستێک زمانناسی لە کایەی ئەکادیمیا و خوێندنی کوردی بەهێز بکرێت.

پ- نوسین و شێوازەکانی نوسین بە کوردی پەرەی پێ بدرێت و هەمو زانستەکانی پێ بنوسرێتەوە.

ت- پرۆسەی وەرگێڕان جیدی و چالاک بکرێت و سود لە ڕۆشنبیریی هەمو زمانە زیندوەکانی دونیا وەربگیرێت و تێکستی داهێنەرانە لە هەمو زمانەکانەوە وەربگێڕرێن و تێکستی داهێنەرانەی کوردییش بکرێن بەوزمانانە.

٢- کارکردن بۆ زمان: مەبەست ئەوەیە کار بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی دایک بکرێ، بۆ ئەمەیش گرنگە:

أ- لە دەستوری وڵاتدا بەفەرمی زمانی دایک بناسێنرێت.

ب- لە نێو قوتابخانە و زانکۆ ئەهلی و حکومییەکاندا، لە نێو دامودەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا ئەهلی و شوێنە گشتییەکاندا، بە یاسا پێگەی زمانی کوردی بەرز ڕابگیررێت، ڕێگە بە پێشێلکاری و بەکەمسەیرکردنی زمانی دایک نەدرێت.

٣- پلاندانان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک: ئەم ئاستە گوزارشت لە سیاسەتی زمانی دەکات کە دەبێ دەوڵەت و دامودەزگای حکومی پێی هەستێت، دەبێ بایەخ بە خوێندنی زمانەکانی دوەم و سێیەم بدرێت بەڵام بەو شێوەیەی کە خزمەت بە زمانی دایک بکات نەک ببێتە مەترسی بۆی. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە لەم سەردەمەدا فێربونی زمانی ئینگلیزی زۆر باشە و بگرە پێویستیشە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە زمانی دایکی بۆ بکەینە قوربانی بەنرخی پەراوێزخستنی زمانی دایک/کوردی، چونکە زمانی کوردی وەک هەمو زمانێکی تر گەنجینەیەکی مەعریفە و زانستی

مرۆڤایەتییە، بۆ پاراستنی ئەو گەنجینەیە، پێویستیی بەپلاندارێژی و سیاسەتی زمانیی چالاك و زانستی هەیە کە بتوانێت زمانی کوردی، بە هەمو شێوەزارەکانیەوە، لە سەروی هەمو زمانەکان دابنێت، گەر ئەمە نەکرێت منداڵی کورد و بۆ ئایندەیەکی نزیکیش مرۆڤی کورد لەو گەنجینەی مەعریفە و زانستی مرۆڤایەتییە دادەبڕێت، ئەمەیش لە میراتی زمان و کولتوری ڕابردو بەرەو لەناوچون دەبات.

مەترسییەکانی لەیەکەمیخستنی زمانی دایک:

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا دەتوانین گرنگترین مەترسییەکانی لەیەکەمیخستنی زمانی دایک لەم چەند خاڵەدا چڕ بکەینەوە:

١- لەیەکەمیخستنی زمانی دایک زەمینەی ڕسکاندنی شێوەی هزرین و هەستیاری و سۆزداریی مرۆڤ دەشێوێنرێت، بیرکردنەوە و هەستیاری و حاڵەتی سۆزداریی ئەوەی بە زمانی دایک گۆش دەکرێ و دەخوێنێت جیاوازە لەوەی بە زمانێکی تر گۆش دەکرێ و فێر دەکرێت و گەورە دەکرێت.

٢- لەیەکەمیخستنی زمانی دایک گەشەکردنی فیکر و توانا عەقڵییەکانی منداڵ بە ئاراستەی تردا دەبرێن و نزیک دەبن لە مرۆڤێکی ئامادەکراو بۆ بازاڕ و کۆمپانیا و خواستەکانی سەردەم.

٣– لەیەکەمیخستنی زمانی دایک منداڵ هۆگری و پێوەستیی منداڵ بە بنەماڵەوە کەم دەکاتەوە.

٤- لەیەکەمیخستنی زمانی دایک ڕایەڵی بەستنەوەی منداڵ بە کولتورە فشەڵ و بێهێز دەکات، زیاتر بە دنیای زمانی بیانییەوە دەیبەستێتەوە، ئەویش زیاتر بەو بەشەی کە سەردەم و ڕیکلام و ڕاگەیاندن برەوی پێ دەدات، نەک ئاگاداربون لە کولتور و شارستانیەتی میللەتان و ئاشنابون بە سەرمایەی هزری و فەلسەفی و مێژوی ئەدەب و هونەریان.

٥- لەیەکەمیخستنی زمانی دایک بنەمای فێربونی زمانی تری تێک دەدات یان لاوازی دەکات، زمانی دایکی قوتابی وەک زمانی یاریدەدەر لە پۆلدا دەکەوێتە گەڕ. زمانی دایک بۆ شیکارکردنی بابەتی نوێ گرنگە و بەراوردکاری لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی ئامانجی خوێندکاردا دەبێتە هۆکارێک تا ئاستی تێگەیشتن زیاتر بێت (Richards & Rodgers, 1999: 4)

٦- زمانی دایک سەرمایەیەکی مرۆییە، لەیەکەمیخستنی ئەم زمانە دەرکەوتەیەکی گرنگی هزری و مێشکیی مرۆڤە دەخرێتە لاوە، زمانی دایک بە هەزاران ساڵ گەییشتوە بەم دۆخەی ئێستای، کە بە هۆیەوە دەکرێت دەلاقەیەک بە ڕوی تێگەیشتن لە مێشکی مرۆڤ و قەوارە کۆمەڵایەتییەکان بکرێتەوە و بە هۆی ئەم سەرمایە مرۆییەوە (زمانی دایک) مرۆڤ لەسەر هەمو ئاستەکانی (نەتەوەیی، سیاسی، مێژویی، هونەری، ڕاگەیاندن، یاسایی... هتد) گوتاری خۆی دروست بکات، خستنەدواوەی زمانی دایک و لەیەکەمیخستنی دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەمو جۆرە گوتارێکی مرۆڤ. لە زۆرینەی زمانەکاندا بە هۆکاری ڕامیاری و بیروباوەڕی نیشتمانی و هەستی نەتەوایەتی بە دەیان کەرەستەی نوێ سەریان هەڵداوە. ئەمەیش بە هۆی ئەوەی پێوەندییەکی زۆر لە نێوان هەستی نەتەوایەتی و فەرهەنگی زماندا هەیە، بە جۆرێک تاوەکو هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر بێت، ئەوا زمانی نەتەوەییش زۆرتر پەرە دەسەنێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات. (عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٢٠٦).

ئەنجام:

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوە کۆزمانەوانییە لە بارەی (مەترسیی زمانی دوەم "ئینگلیزی" لە سەر زمانی یەکەم "کوردی") لە ژێر ناوی (لەیەکەمیخستنی زمانی دایک) بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتوین، کە لێرەدا بە چەند خاڵێکی کورت چڕیان دەکەینەوە:

١- هەژمونی زمانی دوەم بەسەر زمانی دایکدا لە قوتابخانەکاندا لەوێوە سەر هەڵدەدا، کە خوێندن بە زمانی دایک خۆی لە کۆمەڵێ قەیران و ئاریشەدا بوە.

٢- خوێندن و فێربونی زمانی دوەم (بیانی) لە قوتابخانە حکومییەکاندا بەو پێیەی کە هەر بە زمانی دوەم بمێنێتەوە شکستی هێناوە.

٣- بەرپرسانی خوێندنی زمانی دوەم لە پرۆسەی پەروەردەدا لە هەرێمی کوردستان دا درکیان بەو میتۆدانە نەکردوە کە بۆ فێربونی زمانی دوەم گرنگن.

٤- شکستی فێربونی زمانی دوەم لە قوتابخانە حکومییەکاندا بوەتە هۆکاری بیرکردنەوە و پەنابردنە بەر کردنەوەی ئەو قوتابخانانەی کە زمانی دایک فەرامۆش بکەن و گرنگیی پتر بە زمانی دوەم بدەن.
٥- بۆ قەرەبونکردنەوەی فێربونی زمانی دوەم، بیرکردنەوەیان لە ئایندەی خۆیان، فێرخوازان پەنایان بۆ ئەو قوتابخانانە بردوە کە تێیاندا زمانی دایک زمانی یەکەم نییە.
٦- توێژینەوەکە لەیەکەمیخستنی زمانی دایکی وەک دەرەنجامێکی مەترسیدار بۆ کورد وەک قەوارەیەکی وجودی بەرچاو خستوە.

پێشنیاز:

بۆ دەربازبون لەو مەترسییانەی زمانی دوەم لەسەر زمانی یەکەم "دایک" پێشنیاری ئەم خاڵانە دەکەین:
١- چارەسەرکردنی هەژمونی زمانی دوەم بەسەر زمانی دایکدا لە قوتابخانەکاندا بەوەی کە خوێندن بە زمانی دایک لە دۆخی قەیراناوی و ئاریشەدا دەربهێرێت و بایەخی پێ بدرێت.
٢- خوێندن و فێربونی زمانی دوەم (بیانی) لە قوتابخانەکانی حکومییەکاندا بەو پێیەی کە هەر بە زمانی دوەم بمێنێتەوە پەرەی پێ بدرێ و پرۆسەکە سەر بخرێت و ئەنجامی ئەرێنیی هەبێت.
٣- بەرپرسانی خوێندنی زمانی دوەم لە پرۆسەی پەروەردەدا لە هەرێمی کوردستان بەپێی میتۆدە سەرکەوتوەکانی سەردەم زمانی دوەم لە قوتابخانەکاندا پەرە پێ بدەن.
٤- سەرکەوتنی فێربونی زمانی دوەم لە قوتابخانە حکومییەکاندا بکرێتە هۆکارێک تا فێرخوازان بیر لە خوێندن لەو خوێندنگایانە نەکەنەوە، کە گرنگیی بە زمانی دایک نادەن.

سەرچاوەکان:

دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، زمانەوانیی دەرونی، ناوەندی ئاودێر، هەولێر.
سیوەیلی ڕێبوار ( ٢٠٢٠)، ئەوروپاییەکانی کوردستان: گەڕانەوەی کۆلۆنیالیزم؟! چاپی یەکەم. ناوەندی بڵاکراوەی زریاب، ، هەولێر.
شوانی، ڕەفیق (٢٠٠٨)، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
عبداللە، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
فەتاح، محەمەد مەعروف ( ٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
ڤینی، بریگت (٢٠١٨)، مێژوی زمانی ئینگلیزی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو و م. ڕەوەند سەباح ئەحمەد، ناوەندی بڵاوکراوەی ئاوێر، هەولێر.
محمد، هیدایەت عبداللە (٢٠٠٧)، وشە و زاراوەی خوازراو و سەپێنراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (٢١)، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
مەحوی، محەمەد (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
النعیمی، حسام سعید (١٩٨٠)، الدراسات اللهجیة والصوتیة عند ابن جنی، سلسلة دراسات (٢٣٤) ، دار الرشید للنشر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، الجمهوریة العراقیة.
شحاتة حسن ، ، والنجار، زینب (٢٠٠٣) معجم المصطلحات لاتربویة والنفسیة، قاهرة، الدار لامصریة اللبنانیة.
محي-الدین، إ. (٢٠١٦) استخدام الطریقة الإیحائیة لترقیة مهارة الاستماع في تعلیم اللغة العربیة *Jurnal endidikan Islam* ،٢*(٢)*، ٣٤٨-٣٧٨.
بییر بوردیو و آخرون( ١٩٩٣)، حرفة عالم الإجتماع، ترجمة: نظیر جاهل، دار النشر: دار الحقیقة، الطبعة :الأولى.
محمدی، عادل (٢٠٢٣)، تصورات پیرامون زبان، نشر (48books) چاپ اول، سوئد.
ABU-MELHIM, A.-R. (2009). Re-evaluating the Effectiveness of the Audio-lingual Method in Teaching English to Seakers of Other Languages. *International Forum of Teaching and Studies, 5*(2), 39-63.
ALKHULI, M. A. (2006). *Methods of Teaching English.* Swaileh, Jordan: Falah ublishing.
ALMER, D. C. (2006). On Chomsky's Araisal of Skinner's Verbal Behavior: A Half Century of Misunderstanding. *Behav Anal, 29*(2), 253–267.
ASHER, J. J. (1968). *The Total hysical Resonse Method for Second Language Learning.* California.

BANCROFT, W. (1999). *Suggestoedia and Language Acquisition.* Toronto: University of Toronto.
BAYLEY, S. N. (1998). The Direct Method and modern language teaching in England 1880-1918. *History of Education, 27*(1), 39-57. doi:htts://doi.org/10.1080/0046760980270104
BRENNAN, M., & Brien, D. (2000). Silent way. In M. Byram, *Routledge Encycloedia of Language Teaching and Learning* (. 546-548). Taylor & Francis Routledge.
BRUMFIT, C. (1986). Introduction: Communicative Methodology. In C. Brumfit, *The ractice of Communicative Teaching* (. vii-3). Oxford: ergamon ress in association with British Council.
CANALE, M., & Swain, M. (1980). Theoretical Bases of Communicative Aroaches to Second Language Teaching and Testing. *Alied Linguistics, 1*(1), 1-47.
CHOMSKY, N. (1965). *Asects of the Theory of Syntax.* Cambridge: THE M.LT. RES.
Cross, J. W. (1977). Sign Language And Second-Language Teaching. *Sign Language Studies, 16*, 269-282.
Crystal, D. (2004). The language revolution. Cambridge: olity ress.
DONALDSON, D. E. (1922). The Direct Method. *Hisania, 5*(6), 360-364.
ER, S. (2013). Using Total hysical Resonse Method in Early Childhood Foreign Language Teaching Environments. *3rd World Conference on Learning, Teaching and Educational Leadershi – WCLTA 2012* (. 1766-1768). Ankara: rocedia- Social and Behavioral Sciences.
GATTEGNO, C. (1972). *Teaching foreign languages in schools: The silent way (2nd ed.).* New York: Educational Solutions.
Harris R. (2001) Linguistics after Saussure. In: Cobley . editor. The Routledge.
HOWATT, A. . (2014). The History of Teaching English as a Foreign Language, from a British and Euroean ersective. *language and history, 57*(1), 75–95.
HURST, N. R. (1997). Notional syllabuses : twenty one years on. *Revista da faculdade de letras 'linguas e literaturas', 14*(199), 489-504.
JIN-FANG, S., & QING-XUE, L. (2007). An Analysis of Language Teaching Aroaches and Methods — Effectiveness and Weaknes. *US-China Education Review, 4*(1), 69-71.
KELLY, L. G. (1969). *25 Centuries of Language Teaching.* Ottawa: Newbury House ublishers.
LA-FORGE, . G. (1971). Community language learning; a ilot study. *Language Learning, 1*(21), 45-61.
Mart, C. T. (2013). The Audio-Lingual Method: An Easy way of Achieving Seech. *International Journal of Academic Research in Business and Social Sciences, 3*(12), 63-65.
MATAMOROS-GONZÁLEZ, J., ROJAS, M., ROMERO, J., VERA-QUIÑONEZ, S., & SOTO, S. (2017). English Language Teaching Aroaches: A Comarison of the Grammar-translation, Audiolingual, Communicative, and Natural Aroaches. *Theory and ractice in Language Studies, 7*(11), 965-973.
MONGILLO, G., RUMEL, S., & LOEWENSTEIN, Y. (2017). Intrinsic volatility of synatic connections — a challengeto the synatic trace theory of memory. *Current Oinion in Neurobiology*(46), 7-13.
NAEINI, N. N., & SHAHROKHI, M. (2016). Relationshi between Gender and Vocabulary Teaching Methodology among Iranian EFL Children: A Comarison of TR and Direct Method. *Advances in Language and Literary Studies, 7*(1), 60-74.
NURHASANAH, S. (2015). The Use of Community Language Learning Method to Increase the Students' articiation in Classroom Conversation. *REGISTER, 8*(1), 81-98.
RICHARDS, J. C. (2006). *Communicative language teaching today.* New York: Cambridge University res.
RICHARDS, J., & RODGERS, T. (1999). *Aroaches and Methods in Language Teaching* (15th ed.). Cambridge University res.
Schiffrin, D. Tannen, D. & Hamilton, H. E. (2001) "Introduction", in D. Schiffrin.

SUTHERLAND, K. (1978). Reviewed Work(s): Learning Another Language through Actions: The Comlete Teacher'sGuidebook by James J. Asher. *TESOL Quarterly, 12*(2), 204-206.
TAMURA, F. (1983). The develoment of community language learning, the silence way and suggestoedia in comarison with other methods. *Trends in Language Methodology in the US*, 13-23.
Woods, N (2006). Describing Discourse: A ractical to Discourse Analysis. London.
YALDEN, J. (1986). An Interactive Aroach to Syllabus Design: the Frameworks roject 1. In C. Brumfit, *The ractice of Communicative Teaching* (. 25-41). Oxford: ergamon ress in association with the British Council.
https://www.cambridge.org/elt/blog/2022/04/29/learning-language-changes-your-brain
https://scholar.harvard.edu/ierredegalbert/node/632263
https://learnenglish.britishcouncil.org/magazine/english-language-day
Universal Declaration of Human Rights Article 2